https://www.doi.org/10.31918/twejer.2251.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی تیپە شانۆییەکان لە بزاڤی ڕۆشنبیری لە قەزای سۆران

# (١٩٩١-٢٠٠٣)

پ. ی. د. ئامانج ئەحمەد مستەفا

بەشی مێژوو- فاکەڵتی ئادا

زانکۆی سۆران

sirwan.rasheed@hist.soran.edu.iq

سیروان مەحمود ڕەشید

پەیمانگای تەکنیکی سۆران

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

amanj.mustafa@soran.edu.iq

**پوختە**

لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان هەڵگیرسا و سنووریکی بەرفراوان لەژێر دەستی ڕژێمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست دەرهێنرا و، کەوتە ژێر کۆنترۆڵی خەڵکی ڕاپەڕیو و حوکمێکی خودبەڕێوەبەری کوردی بەرهەمهێنرا. قەزای سۆرانیش وەکو بەشێک لەو ناوچانە، کەوتە نێو ئەو کەشە نوێیەی کە ڕاپەڕین لەگەڵ خۆی هێنای. چالاکانی بواری ڕۆشنبیری و هونەریش تا سوود لەو ژینگە نوێیە وەربگرن کەوتنە خۆیان و گروپ و تیپی جیاوازیان پێکهێنا و دەستیان بە ئەنجامدانی چالاکیی هونەری کرد.

هونەری شانۆ، بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، بۆ ئەوەی تەواوی ئەو خەڵکەش لەو هونەرەدا خۆیان ببیننەوە، دروستکردنی تیپی جۆراوجۆری شانۆیی بە پێویست زانرا.

هەرچەندە باس لەوەکرابوو، کە تیپی شانۆیی و هونەری لە سۆران هەبوونە، بەڵام لە هیچ دیکۆمێنت و نووسراوێکدا بە تەواوەتی ناوی تیپەکان و کاروچالاکییان نەخرابووە ڕوو، بۆیە توێژەران لەو توێژینەوەیە هەوڵیانداوە تیپە شانۆییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ی سنووری سۆران بناسێنن و تایبەتمەندییەکانیشیان باسبکەن.

**وشە کلیلییەکان:** سۆران، تیپە شانۆییەکان.

## ڕۆڵی تیپە شانۆییەکان لە بزاڤی ڕۆشنبیری

## لە قەزای سۆران

## (١٩٩١-٢٠٠٣)

### پێشەکی

تیپی شانۆیی، بریتیە لە گردبوونەوەی کۆمەڵێک یان چەند کەسێکی (هونەرمەند یان هونەردۆست) لە دەوری یەکتری بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری شانۆیی، ئامانجیشیان کە لە چوارچێوەی دەق، کاراکتەر، شوێن و کات کۆدەبێتەوە، گەیاندنی ئەو پەیامە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیەیە کە دەیانەوێت بە بینەرانی بگەیەنن. ئەو تیپانە قسەکردن لەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگا بە ئەرکی خۆیان دەزانن، بەڵام بەبێ بوونی کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی، هیچ تیپێکی شانۆیی هەرچەند پەیامەکانی مەجازیش بن ناتوانێت مەبەست و ئامانجەکانی گشتگیرتر بکات و ئاسانتریش بیگەیەنێت. بۆیە لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەگەڵ دروستبوونی کەشێکی فراوانی ئازادیی ڕادەربڕین، دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی تیپی شانۆیی نوێ لە سنووری قەزای سۆران ڕەخسا.

قەزای سۆران، چوارچێوەی سنووری جوگرافی لە ڕووی شوێن، بۆ ئەو توێژینەوەیە دیاریکراوە، نێوانی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ش وەکو ماوەی توێژینەوە دەستنیشانکراوە، تا توێژەران بتوانن لە چوارچێوەی کات و شوێن هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بابەتەکەیان لە بازنەیەکی دیاریکراودا بکەن.

کێشەی توێژینەوە، نەبوونی زانیاریی دروستە لەسەر هونەری شانۆ و دۆخ و تایبەتمەندییەکانی لە سنووری قەزای سۆران لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)، نەبوونی ئەرشیفی دیکۆمێنتکراوە لەو بوارە، بۆیە

توێژەران بە پەیڕەوکردنی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بە ئەنجامدانی شێوازی مەیدانی لە کاری توێژینەوە هەوڵدەدەن زانیاری لە بارەی ناونیشانی توێژینەوەکەیان کۆبکەنەوە.

پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن: دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دۆخی شانۆ لە سنووری قەزای سۆران چۆن بووە؟ شانۆ لەو سنوورە چ تایبەتمەندییەکی هەبووە؟ چ تیپێکی شانۆیی لە سنووری قەزای سۆران دروست بووە و چیان نمایشکردووە؟ خۆی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە دەردەخات و ڕۆڵ و کاریگەریشیان ڕووندەکاتەوە.

توێژەران بۆ کۆکردنەوەی داتاکان و دۆزینەوەی تیپە شانۆییەکان، هەوڵیانداوە لاپەڕەی زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەم هەڵبدەنەوە، لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی مەیدانی بە دوای کارەکتەرەکانی بواری شانۆدا بگەڕێن و دیمانەیان لەگەڵدا بکەن.

ئەو توێژینەوەیە لە (دەروازە و دوو باس) پێکدێت، لە دەروازە قەزای سۆران لە ڕووی مێژوویی و پێکهاتەی جوگرافی خراوەتەڕوو. لە باسی یەکەمیش قسە لەسەر دۆخی گشتی و کاریگەری لەسەر هونەری شانۆ و تایبەتمەندییەکانی ئەو هونەرە کراوە. لە باسی دووەمیش تیپە شانۆییەکان ناسێندراون و کار و چالاکییەکانیشیان خراونەتەڕوو.

**دەروازە**

## قەزای سۆران، مێژوو، هەڵکەوتەی جوگرافی

دروستبوونی قەزایەک بە ناوی (قەزای سۆران) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میراتەی کە لە (قەزای سدیق) بۆی ماوەتەوە، ئەویش کاتێک حکومەتی عێراق بە چەندین ڕێکاری جیاواز هەوڵی سەندنەوەی ناوە مێژووەکەی لە

(قەزای ڕواندز)دا و، ویستی مۆرکێکی عەرەبی- ئیسلامی پێوەبلکێنێت، بەمەش ڕێکارەکانی لە ساڵی ١٩٨١ دەستپێکرد، سەرەتا بە فراوانکردنی ناحیەی (دیانا) و پاشان دیاریکردنی سنووری ناحیەی (ڕواندز) هەنگاوی ناو، بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کارگێڕی لە دەشتی (دیانا)ش بەردی بناغەی داڕشت، ئەو کۆمەڵگا کارگێڕییە بوو بەهۆی گواستنەوەی (قەزای ڕواندز) بۆ (سدیق)، هەر لە هەمان ساڵدا و لە ٢ی تشرینی دووەم بە فەرمانی ژمارە ١٤٥١ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەعس، کەسێک بە ناوی (خالید سدیق ڕەسول) وەکو قایمەقامی (قەزای سدیق) دەستنیشان کرا (جريدة الوقائع العراقيه، ١٤٥١، ١١٤٨).

قەزای سدیق وەکو یەکەیەکی کارگێڕی هەر لە سەرەتای دروستکردنی لە ناحیەکانی (ڕواندز و برادۆست[١] و دیانا[٢] و خەلیفان[٣]) پێکدەهات. هەرچەندە پێکهاتە کارگێڕییەکەی وەکو خۆی مایەوە، بەڵام پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، بەپێی بڕیاری ژمارە (١٨) کە لە (١٩٩٢/٩/٢٢) لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە، ڕێگە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان درا یەکە کارگێڕیە هەڵوەشێندراوەکان، کە مەبەستی سیاسیان لە پشتبووە دووبارە ڕێکبخرێنەوە، بەمەش جگە لە سەنتەری قەزا، ناحیەکانی (ڕواندز، دیانا، خەلیفان و سیدەکان) لە چوارچێوەی قەزایەک کۆکرانەوە و ناوی لێنرا (قەزای سۆران) (ئەحمەد، ٢٠٠١: ٨ و٩).

ئەو گۆڕانکارییەی لە ساڵی ١٩٩١ لەناو و لە ڕێکخستنەوەی یەکە کارگێڕییەکان لە سنووری قەزای سۆران دەکرێن، دەبنە هەوێنی ئەو توێژینەوەیە و سنووری کاری توێژینەوەش دیاریدەکەن. ئەوەی تێبینیش دەکرێت ئەو قەزایە هەم دۆخی کەش و هەوا و هەمیش هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە دەکەوێتە سێگۆشەی سنووری (عێراق، ئێران، تورکیا) ڕێگاخۆشکەربووە بۆ بوون بە ناوەندی لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە

خەڵکی، بە تایبەت لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوانبوونی بەخۆوە بینیوە لە کاتێکدا لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دانیشتوانی تەنیا (٦٣٦٤٤) کەسبووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ (١٦١١٤٥) کەس بەرزدەبێتەوە (ئەحمەد، ٢٠٠١: ٢٢).

بە فراوانبوون و لە ئامێزگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵکی، قەزاکە بوو بە ناوەندێک بۆ جووڵەی ڕۆشنبیری. هونەری شانۆش کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم خەڵکی سنووری سۆران ئاشنایەتی لەگەڵ هەبووە و، تەنانەت لە ساڵی ١٩٢٤ شانۆگەری (العلم و الجهل) لە ڕواندز نمایشکراوە (مستەفا، ٢٠١٣، ٢٧)، لە ساڵانی هەشتاکانیش گەرموگوڕی زیاتری پێوەدیاربوو، (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) لە نێوان ١٩٧٩-١٩٩٠ (٨) شانۆگەری (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن) و، (تیپی شانۆی شەهید شلێر)یش لە نێوان (١٩٧٧-١٩٩٠) (١٩) شانۆگەری نمایشکردوون (مستەفا، ٢٠١٣، ٨٦-١٢٦)، لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١یش کاتێک ئازادییەکان فراوانتر دەبن، هونەرەکەش پێشوازی زیاتری لێ دەکرێت و چەندین تیپی تری شانۆیی هاوشانی تیپەکانی (شەهید شلێر و شەهید سەربەست) دەست بە چالاکی دەکەن.

## باسی یەکەم: دۆخی شانۆ لە قەزای سۆران لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣

### ١-دۆخی سیاسی و کاریگەری لەسەر هونەری شانۆ لە قەزای سۆران

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ١٩٩١، دەرفەتی بۆ تەواوی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگا ڕەخساند، تاوەکو سوود لە بنەماکانی ئازادی وەربگرن، تیپە شانۆییەکانیش بە تایبەت ئەوانەی بەر لە ڕاپەڕین لە کاردابوون، دەست بە جووڵە هونەرییەکانیان دەکەنەوە و، سەرەتا بە گۆڕینی ناوی خۆیان دەستپێدەکەن و ناوە دڵخواز و ئارەزومەندەکەیان بۆ تیپەکانیان هەڵدەبژێرن، تیپی شانۆی (شەهید سەربەست[٤]) لە دیانا و (تیپی شانۆی

شەهید شلێر[٥]) لە ڕواندز، دوو نموونەی دیاری ئەو هەنگاوەن، چونکە هەردوو تیپ بەهۆی فشارەکانی حکومەتی عێراقی و سیاسەتە توندوتیژەکەی نەیان دەتوانی لە پێش ڕاپەڕین پێشگری شەهید بۆ تیپەکانیان دابنێن، ئەمەش لەبەر شێوازی شەهیدبوونی، هەردوو کارەکتەری تیپ بە(ناو)کراو دەگەڕایەوە.

جگە لەو ژینگە ئازادەی کە بۆ تیپەکان هاتەکایەوە، ڕاپەڕین دەرفەتی بۆ دروستبوونی تیپی نوێ و چالاکیی تری بواری شانۆیی ڕەخساند، ئەمەش بۆ پاڵپشتیی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی حزبە سیاسییە کوردییەکان دەگەڕایەوە، چونکە ئەو ڕێکخراوانە بۆ سوودوەرگرتن لە تواناکانی گەنجان و قوتابییان هەوڵی ڕاکێشانیان بۆلای خۆیان دەدا، ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوانە مەبەستی تایبەتی ڕێکخراوەییشیان هەبووە، بەڵام دەرفەتیان بۆ قوتابییان و لاوان ڕەخساند تا لە چوارچێوەی شیانە هونەرییەکانیان، قۆناغی چوونیان بۆ نێو کۆمەڵگا، توانا و هێزی شاراوەیان دەربخەن. بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابییان و لاوانی دیموکراتی کوردستان)ی سەر بە (پارتی دیموکراتی کوردستان) پشتیوانییان لە هەرسێ تیپی شانۆیی (شەهید سەربەست و نەوەکانی میدیا و پیرەمێرد) دەکرد (مەحمود، سادق، ئیبراهیم، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، ڕێکخراوی (کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان)ی سەر بە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)یش پاڵپشتیی دارایی و مەعنەوییان پێشکەشی تیپە شانۆییەکانی (سۆران و چوارچرا) دەکرد و (مرادی، فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، (تیپی شانۆی ئاشتی)یش لەلایەن ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) پاڵپشتی دەکرا و (ڕەشید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن) (حزبی زەحمەتکێشانی

کوردستان)یش هاوکاری بە (تیپی شانۆی یەکی ئایار) دەبەخشی (هەندرێنی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

بوونی (٧) تیپی شانۆیی ئاماژەن بۆ گەرموگوڕیی چالاکییەکان، بەچێژی ئەو ئاهەنگە حزبییانەی کە لە دوای ڕاپەڕین لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە ڕێکدەخران، چونکە ئەو گروپە شانۆییانە لەپاڵ کاری شانۆییان، لە ئاهەنگە کراوەکانیشدا هەم ڕۆڵی بەڕێوەبردنی ئاهەنگە حزبییەکانیان دەبینی و هەمیش نمایشی شانۆکانیان دەکرد. لە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین نەوەی ئەو سەردەم زۆر بە باشی لەیادیانە کاتێک حزبێک ئاهەنگێکی سازدەکرد، حزبەکەی تریش ئاهەنگێکی تری ئەنجامدەدا، واتە بۆ یادی جەژنێکی نەتەوەیی وەکو نەورۆز لەوانە بوو خەڵک چاوەڕێی چەند ئاهەنگێکی جەماوەری یەک لە دوای یەک بووبن و، لە ٢١ی ئادارەوە تاوەکو نیسانی ئەو ساڵە هەفتانە گوێبیستی بەڕێوەچوونی ئاهەنگ و شایی و هەڵپەڕکێ کە لە چوارچێوەی هەرهەمووشیان بڕگەی شانۆیی هەبوو، بووبن.

وێڕای ئەو تیپە حزبییانە، تیپی تری شانۆیی هەبوون، هەوڵیاندەدا سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، وەکو (تیپی شانۆی خەلیفان) و (تیپی شانۆی شەهید شلێر)، بەڵام لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧) (تیپی شانۆی خەلیفان) کەوتە ژێر سەرپەرشتی ناوەندی خەلیفانی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) (سرێشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن) و، (تیپی شانۆی شەهید شلێر)یش لە کارکردن وەستا (مستەفا، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧) چالاکی زۆربەی تیپە شانۆییەکانی ڕاگرت، نەیانتوانی تا دوای شەڕیش چالاکیی هونەری بەڕێوەببەن،

هەروەک یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ئەو تیپانە ئاماژەی پێکرد، چۆن شەڕی ناوخۆ مرۆڤی کوردی کوشت، ڕۆحی هونەریشی لەنێوبرد (سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

دوای شەڕی ناوخۆ ئارامی و ئاشتی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا، شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە سەنتەری شارەکان دوورکەوتەوە، هەوڵەکان بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی جەماوەر بۆ بینینی شانۆ خرانە گەڕ، ئەو تیپانەی لە کارکردن بەردەوام بوون وەکو تیپە شانۆییەکانی (پیرەمێرد، خەلیفان، نەوەکانی میدیا) دەستیان بە چالاکییەکانیان کردەوە و چەند تیپی تریش وەکو (پاشای گەورە، سۆران، سۆناتا) هاتنە دامەزراندن، بەڵام قۆناغی دوای شەڕی ناوخۆ بەهۆی گرنگیی دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان بە بواری ڕاگەیاندن وەکو (ڕادیۆ و ڕۆژنامە)، ئەو هونەرەی پەکخست، چونکە لە دوای ڕاگەیاندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٦، شۆڕشێکی گەورەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان دەستیپێکرد[٦]، تەنیا لە سنووری سۆران لە نێوان ساڵانی (١٩٩٨-٢٠٠٣) (١٦) بڵاوکراوە و گۆڤار دەرچوون، وێڕای ئەوەی کە (٢) ڕادیۆ یەکێکیان هی (لقی١٠)ی (پ. د. ک) بوو و ئەوەی تریشیان ڕادیۆی (ئازادی) حزبی شیوعی کوردستان بوو ڕۆژانە نزیکەی (١٠) کاتژمێر پەخشی ڕاستەوخۆیان هەبووە، خەڵکیش ئەگەر سەردەمانێک بۆ کاتبەسەربردن و وەرگرتنی تێبینییە جیاوازەکان لەسەر سیستەمی گشتی سوودیان لە نمایشە شانۆییەکان بینیبێت، ئەم جارەیان لە ڕێگای ئەو کەناڵانەوە ئاسانتر و خێراتر وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ڕۆژانە لە ڕووداوە گشتییەکان لەلایان دروست دەبوو بەدەست دەگەیشت.

## ٢-تایبەتمەندییەکانی هونەری شانۆ لە سنووری قەزای سۆران

شانۆ، کاتێک گیان بە شێوەیەکی تیۆری دەخاتە بەر دەق، پێویستی بە (کارەکتەر، شوێن، کات، بینەر) هەیە، ئەم پێداویستییە سەرەکییانە لەو تایبەتمەندییانەبوون، کە شانۆکارانی سنووری قەزای سۆران هەوڵیاندەدا بەرجەستەی بکەن، یان شانۆ لە شێوە سادەکەی پێش ڕاپەڕین بهێننە دەرەوە و جوانتر و باشتر بیگەیەنن.

(تیپی شانۆی شەهید سەربەست) دابینکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ نمایشەکانیان بە پێویست دەبینی، بۆیە لە ساڵی ١٩٩١، هۆڵی (قوتابخانەی سەرەتایی دیانا)یان ڕێکخستەوە و دیکۆڕێکی گونجاویان بۆ سەکۆکەی دروستکرد و وەکو هۆڵێکی داخراوی شانۆیی بۆ کارەکانیان بەکارهێنا (سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). (تیپی شانۆی چوارچرا)ش کاریان لەسەر ڕووناکی و موزیک کرد (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، تا بینەرانیان تەنیا چاویان لەسەر جووڵە و دەنگ نەبێت، بەڵکو بۆ نمایشکردنی دیاردە سروشتی و مرۆییەکان سوودی لێ وەربگرن، لەلایەکی تر ئەو تیپانە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کارەکتەر هاوکار و پاڵپشتی یەکتر بوونە تەنانەت کاری شانۆیی هاوبەشیشیان بەیەکەوە ئەنجامداوە، بۆ نموونە زۆر جار کارەکتەرەکانی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) و (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا) ئاڵوگۆڕ پێکراون (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، یان (تیپی شانۆی چوارچرا) هاوکاری و پاڵپشتی لە ڕووی مرۆیی و مەعنەوییەوە پێشکەشی (تیپی شانۆی ئاشتی) کردووە (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

تیپە شانۆییەکانی سنووری قەزای سۆران، سوودیان لە ناونیشانی دەقە شانۆییەکانی یەکتریش وەرگرتووە، (تیپی شانۆی خەلیفان) لە ساڵی ١٩٩٣ (شانۆگەری دکتۆری فێڵباز) نمایش دەکات (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٣٠٧، ٨) (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا)ش بە هەمان ناونیشان لە دوای شەڕی ناوخۆ نمایشی دەکاتەوە (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)،

شانۆگەری (باوک بناغەی دانا و کوڕ تەواوی دەکات) کە لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) نمایشدەکرێت (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، بە هەمان ناو بەڵام کاراکتەری جیاواز (تیپی شانۆی پیرەمێرد) لە دوای ڕاپەڕین شانۆگەرییەکە نمایش دەکاتەوە (ئیبراهیم، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ئەم ڕۆحیەتە لە کارکردن لەسەر دەقە شانۆییەکانی یەکتری، لەنێو تیپە شانۆییەکانی سۆران جێگای تێڕامانە، دەکرێت وەکو نموونەیەک بۆ مۆدێلی ئێستای کاری گروپی بگەڕێنرێتەوە، کە هەرهەموو تیپەکان خۆیان بە تەواوکەری یەکتری زانیوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کارانە بەبێ پرسی یەکتریش کرابن، نەزانراوە هیچ نەڕەزایەتییەک لە بەرانبەر ئەو کارە دەربڕابێت.

ئەو تیپانە هەر بەوە نەوەستاون کارە هونەرییەکانیان لە سۆران قەتیس بکەن، بەڵکو گواستویانەتەوە شار و ناوچەکانی تری کوردستانیش، تیپی شانۆی شەهید سەربەست، کاتێک بە یادی شۆڕشی (٢٦)ی گوڵان شانۆگەریی (داری زۆردار و پشتی هەژار) لە ٢٦ی ئایاری ١٩٩١ لە (دیانا) نمایش دەکات، هەمان دەق بە هەمان کارەکتەرەوە دەگوازێتەوە بۆ (هەریر و شەقڵاوە و ڕانیە)ش (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا)ش شانۆگەری (چۆن شێت نەبم) لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢ دەگوازنەوە بۆ شارۆچکەی سەڵاحەدین (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). تیپی شانۆی سۆرانی سەر بە (ک. خ. ل. ک)یش پاش نمایشکردنی شانۆگەری (دیکتاتۆر و ڕاپەڕین) لە سۆران گواستیانەوە بۆ شارۆچکەی هەریر (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ١٢٥، ٨)، تەنانەت ئەو تیپە لە دوای ئەو پەرتەوازەیەی کە شەڕی ناوخۆ لەنێو کۆمەڵگا دروستی دەکات و، ئەو گروپانەی سەر بە (ک. خ. ل. ک) بوون بەرەو شارۆچکەی ڕانیە ڕۆیشتن، شانۆگەری (پەیوەند ئەپچڕێنم

یان ئەشکێنم) لەو شارۆچکەیە نمایش دەکەن (مرادی، ۲۰۲۱، چاوپێکەوتن). (تیپی شانۆی چوارچرا)ش شانۆگەری (سۆزی دایک و پێشمەرگە)ی گواستەوە بۆ (خەلیفان و ڕواندز و شەقڵاوە)، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹۹۲ لە (دیانا) نمایشی کرد (فەرەج، ۲۰۲۱، چاوپێکەوتن).

لە ڕووی دەقە شانۆییەکانەوە تیپە شانۆییەکان، لە چوارچێوەی چەند تەوەرەیەک دەخولانەوە ئەوانیش (ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، زوڵم و زۆرداریی بەعس، سەرکەوتن و گەیشتن بە ڕاپەڕین)، شانۆگەری (چارەنووسی نادیار) کە (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) لە ساڵی ۱۹۹۲ نمایشی کرد لەو شانۆیانە بوون. (تیپی شانۆی ئاشتی)یش بە نمایشکردنی (کۆرپەکان جگەری دایکن) لە زستانی ۱۹۹۱ زۆر بە ڕوونی باسی لە قوربانیی دایک بۆ ڕۆڵەکەی دەکرد، تەنانەت لە دیمەنەکانی سەر شانۆ ئەو پەیامە بە بینەرانی گەیاند، کە چۆن دایکێک بۆ درێژەدان بە ژیانی کوڕەکەی جەرگی خۆی پێدەدات، لەم شانۆیەدا دایک نیشتمان و منداڵیش ئەندامانی کۆمەڵەکەی بوون، کە نیشتمان لەپێناو خۆشبەختی و سەرفرازی ئەندامانی چەندە ئامادەی قوربانییە! (حەلاق، ۲۰۲۱، چاوپێکەوتن) شانۆکارانی سۆران دۆخی پەیوەندیی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستانیشیان خستبووە ناو دەقە شانۆییەکانیان، لە دەقی شانۆیی (جوجەڵەی بێ دایک) کە (تیپی شانۆی چوارچرا) لە ساڵی ۱۹۹۳ نمایشی کرد پەیامی یەکگرتوویی بۆ سەرکردە سیاسییەکانی کوردستانیان پێبوو (فەرەج، ۲۰۲۱، چاوپێکەوتن).

ئەو تیپانە هەوڵیاندەدا لە زۆرێک چالاکییەکانیاندا بە دەقی کۆمیدی ڕەخنە لە شێوازی کارگێڕی و حوکمڕانیی کوردستان بگرن، بۆ ئەو مەبەستە (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) لەگەڵ نمایشکردنی (شەهیدان خۆیان دەدوێن) لە ساڵی ۱۹۹۲ ویستیان ئەو گوێپێنەدانەی دەسەڵاتدارانی

کوردی بەرانبەر قوربانی و بەرخودانی گەلی کوردستان نیشانبدەن و ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتدارانیش بڵێن ئەوەی کە میللەتی کورد قوربانی بۆی داوە و چاوەڕوانی بووە، نەتان توانیوە کاری لەسەر بکەن (سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). لەلایەکی تر تیپە شانۆییەکان ڕەخنەیان لە دیاردە جیاوازەکانی تری کۆمەڵگاش دەگرت، (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا) لە شانۆگەری (بەسەرهاتی هیوا) کە لە ساڵی ١٩٩٣ نمایشیان کرد ڕەخنەیان لە هەڵسوکەوتی قوتابییان بەرانبەر پرۆسەی خوێندن دەگرت و، لە کۆتاییی شانۆکەش بە قوتابییان و بینەرانی دەگوت ئەو کەسەی هەوڵبدات و بخوێنێت، دەسکەوتی مەزن بەدەستدەهێنێت و ئەوەشی هەوڵنەدات دەکەوێت (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). تیپی شانۆی یەکی ئایاریش لە ساڵی ١٩٩٤ خۆیان لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمدا و لە چوارچێوەی شانۆی (بازرگانی سەردەم) ڕەخنەیان لەو خانەوادانە گرت، کە کچەکانیان بۆ پارە بەشوودەدەن (بێخاڵی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

لەو شانۆگەرییانەی کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٨-٢٠٠٣) نمایشکراون، ململانێی نێوان هێزە ڕکابەرەکانی کۆمەڵگا باڵی بەسەر زۆرێکیاندا کێشابوو، لە دەقی (شانۆی دادوەر) کە بەشی شانۆی گروپی هونەری سۆناتا لە ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ نمایشیکرد، هێزی حەقیقەت بەسەر دژبەرەکانی سەردەکەوت (رۆژنامەی برایەتی، ٣٧٩٩، ١٢)، لە (شانۆی جوڵەجەڵەی بێ دایک)یش کە تیپی شانۆی سۆرانی سەر بە (ی. ل. د. ک) لە ڕۆژانی ٨و٩و١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ نمایشیان کرد، هێزی جوانی بەسەر هێزی فێڵ و تەڵەکەبازیدا براوەدەبوو (کەریم، ٢٧٥٧، ٨).

ئافرەت لەو شانۆیانەی کە لە سۆران نمایشکراون، ڕۆڵی خۆیان بینیوە، تەنانەت لە شانۆگەری (چۆن شێت نەبم) کە لەلایەن (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا) نمایشکرا، ڕۆڵی (هاوسەر، خوشک، خۆشەویست) بە تەواوەتی دەگێڕن، ئەو ڕۆڵانەش لەلایەن هەریەکە

له (ئاوات مەعروف، مریەم سەعید، گوڵ سەعید، عەیشان عەلی) بینراون (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، ئەو کچانە کاتێک وەکو ئەکتەر لەناو (تیپی شانۆی شەهید سەربەست)یش کاردەکەن و (نەفیا حاجی)یش دێتە پاڵیان، هانی تیپەکە دەدەن تەنیا لە ماوەی ساڵی ١٩٩٢ (٣) شانۆگەری بەدوای یەکتری ئامادە و پێشکەش بکەن (سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). (تیپی شانۆی چوارچرا)ش کارەکتەری وەکو (وێستان چۆمانی، دەروون ساڵح، سلمیە غەفور، حەربیە غەفور، شاناز محەمەد، شادیە ئەدیب، نەرمین حوسێن، ئاواز، دڵخواز، تارا، بەیان و گەلاوێژ) پاڵپشتی باشیان بۆ دروستکردبوون، تا لە تەواوی ڕۆڵە پێویستەکان تەنانەت لە کارەکانی تری شانۆییشدا هاوکاریان بن (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). (تیپی شانۆی پیرەمێرد)یش کە لە گوندی دێڵزیان کاری دەکرد، ئافرەت تێیدا بەشداری هەبووە و لەلایەن هەریەکە لە (قانیعە حوسێن، حەلیمە ئیبراهیم، هاژە جەمیل، بەفرین حەکیم، مەنیجە مستەفا) ئەو ڕۆڵانەی کە پێویست بوو ئافرەت بیانبینێت، پڕکراونەتەوە (ئیبراهیم، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). (بەشی شانۆیی گروپی هونەری سۆناتا)ش کە لە ساڵی (٢٠٠٢) (شانۆگەری دادوەر)ی نمایشکرد ڕۆڵی ئافرەت تێیدا کارابووە و هەریەکە لە (لەیلا حەسەن عەبدوڵڵا، شەهلا حەسەن عەبدوڵڵا، ڕوناک خالید، ڕاژان کەریم) وەکو ئەکتەری چالاک بەشداربوونە (ڕواندزی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەرەتای دامەزراندنی تاوەکو لەکاروەستانی، هیچ ئافرەتێک لەگەڵ (تیپی شانۆی خەلیفان) کاری نەکردووە، کە بە بڕوای یەکێک لە سەرپەرشتیارانی، بە عەیبە بینینی ئافرەت لەسەر شانۆ، یاخود بە کەم سەیرکردنی ئەو ئافرەتانەی کاری هونەری

دەکەن ڕێگربووە لە بەشداری ئافرەت لەگەڵیاندا (سرێشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ئەو تیپە شانۆییانە هەوڵیانداوە کاری نواندنیش ئەنجامبدەن، بۆ یەکەمین جار لەلایەن (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) لە ساڵی ١٩٩٢ کار لەسەر فیلمی تەلەفزیۆنی (بەرەو ڕزگاری) کرا، فیلمەکە کە لە نووسینی (یوسف حەسەن زێڕۆ[٧]) و دەرهێنانی (زوهێر عەبدومەسیح) بوو، لە کەناڵی Ktvی مەرکەزی پەخشکرا (ڕۆژنامەی برایەتی، ١٦٤٢، ٨). لەلایەن (تیپی شانۆی چوارچرا)ش لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کاری تەلەفزیۆنی ئەنجامدرا، کە بریتی بوو لە درامایەک بە ناونیشانی (ئازارەکانمان)، لە نووسینی (نەجات مستەفا) و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج[٨]) (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٣٣٤، ٨). کە نزیکەی (٧٠) کەس ڕۆڵیان لە دراماکە بینی، هەمان ساڵ لە تەفزیۆنە لۆکاڵییەکانی ئەو سەردەم وەکو (کاناڵی حزبی زەحمەتکێشان و کەناڵی هەولێری سەر بە بەرەی کوردستانی) نیشاندرا (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

لەگەڵ ئەوەی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) هەرزوو هۆڵێکی شانۆییان بۆخۆیان لەناو (قوتابخانەی سەرەتایی دیانا) ڕێکخستبوو و تەواوی چالاکییەکانیان لەو هۆڵە بەڕێوەدەبرد (سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، بەڵام زۆربەی تیپەکانی تر بێ هۆڵی شانۆ بوون و زۆرجار سوودیان لە هۆڵی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) وەردەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تیپانە ڕێگایان نەداوە بوەستن بەڵکو شوێنی جیاوازیان بۆ نمایشەکانیان بەکارهێناوە.

بە شێوەیەکی گشتی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ کەشێکی فراوانی ئازادی بۆ سەرهەڵدانی تیپی شانۆیی لە سۆران دروستبوو، بەڵام تەمەنی زۆربەیان کورت بوو، بە تایبەت هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نەمانی ئەو تیپە شانۆییانە کرد، کە لەلایەن

ڕێکخراوەکانی (ک. خ. ل. ک) سەرپەرشتی دەکران. تیپە شانۆییەکانی تریش بەهۆکاری ئابووری و سەرقاڵیی ئەندامانیان بەکار و پیشەی ترەوە تا بژێوی ژیانی خانەوادەکانیان دابین بکەن، کارکردنیان لە شانۆ ڕاگرت، بەڵام سەرنجڕاکێشبوو کاتێک هۆکاری ئابووری گرفت نەبووە لەبەردەم (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا) چونکە وەکو یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ئاماژەی پێکرد، هۆکاری وەستانی تیپەکەیان دەگەڕایەوە بۆ "دابڕانی سەرپەرشتیارانی تیپەکە و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری، بڵاوبوونەوەی هۆکاری تری ڕاگەیاندن لەنێو توێژە جیاجیاکاندا بە تایبەتی لە ڕووی چاپەمەنییەوە، چونکە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠ بە ساڵی دەرکردنی زۆرترین بڵاوکراوە لە سۆران دادەنرێ. لەلایەکی تر بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە پرۆسەی خوێندن و قۆناغەکانی خوێندن دەکەوتنەوە، دەبوونە هۆی ئەوەی ستافی لق و ناوچەی قوتابییانیش بگۆڕدرێن، توانا و عەقڵی نوێ بێتە ناو پرۆسەکە، بەمەش ئاراستەی کارکردن دەکەوتە چوارچێوەی ستراتیژیەت و بەرنامەی عەقڵی نوێوە" (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

لەلایەکی تر ئەو تیپانەی لە چالاکیشدا بوون وەکو تیپی شانۆی سۆرانی سەر بە (ی. ل. د. ک) و تیپی شانۆی پیرەمێرد و تیپی شانۆی خەلیفان نەیانتوانیوە بە باشی و ساڵانە نمایشێکی شانۆیی پێشکەش بکەن، ئەمەش دەکرێت بۆ پاشەکشەکردنی خەڵک و بینەری شانۆیی لە هونەری شانۆ بگەڕێتەوە، یان بەهۆی نەبوونی پاڵپشتیی پێویست بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارە، کە لەدوای ساڵانی شەڕی ناوخۆ ئاراستەی کاری ڕۆشنبیری بە تەواوەتی بۆ (میدیا) و لە نێویشیاندا بواری ڕۆژنامەوانی گۆڕدرا.

## باسی دووەم: بزاڤی تیپە شانۆییەکان لە قەزای سۆران ١٩٩١-٢٠٠٣

### ١-تیپی شانۆی شەهید سەربەست

تیپی شانۆی شەهید سەربەست، درێژکراوەی ئەو تیپە شانۆییە بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩ بەناوی (هێرۆ) لە (دیانا) دامەزرێندرا و پاشان ناوی بوو بە (تیپی شانۆی دیانا) و لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١یش ناوەکەی بۆ (شەهید سەربەست) گۆڕی. ئەو تیپە ئەگەرچی لە پێش ڕاپەڕین کۆمەڵێک شانۆگەرییان نمایشکرد، بەڵام یەکەم شانۆگەری کە لەدوای ڕاپەڕین نمایشیان کرد، شانۆگەرییەک بوو لەسەر بەرەی کوردستانی، لە نووسینی (یوسف حەسەن زێڕۆ) و دەرهێنانی (جەلال مەحمود[٩])، کە هەریەک لە (جەلال سەعید[١٠]، جەلال مەحمود، یوسف حەسەن زێڕۆ، هەڵکەوت ڕەفعەت، ڕەسول محەمەد، ئەمیر عەبدوڵڵا، ئاوات مەعروف، پەروین مراد، عەیشان عەلی و نەفیا حاجی) تێیدا بەشداربوون و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەسەر یەک نمایشکرا (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

بەبۆنەی هەڵگیرسانی (شۆڕشی گوڵان ١٩٧٥-١٩٩١) شانۆگەری (داری زۆردار و پشتی هەژار)، کە لە ساڵی ١٩٨٨ پێشکەشیان کردبوو، دووبارەیان کردەوە. ئەو شانۆگەرییە کە لە ٢٦ی ئایاری ١٩٩١ لە شارۆچکەی دیانا نمایشکرا هەریەکە لە (یوسف حەسەن زێڕۆ، جەلال مەحمود، هەڵکەوت ڕەفعەت، نەوزاد نەبی، ستار عومەر، جەلال سەعید، جەبار حاجی، ئەمیر عەبدوڵڵا، ڕزگار خدر، ئیسماعیل ئیبراهیم، ڕەمەزان محەمەد، عەلی ڕوستایی، ڕەسول حەمەد، مەعروف وسو، عارف نەسرەددین، ئاوات مەعروف، پەروین موراد، عەیشان عەلی، نەفیا حاجی) ڕۆڵیان تێدابینی و پاشان گواستیانەوە بۆ (هەریر و شەقڵاوە و ڕانیە) و بە هاوکاری (ی. ق. ل. د. ک) لەو شارانەش نمایشکرا (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

(شەهیدان خۆیان دەدوێن)، لە نووسینی (یوسف حەسەن زێڕۆ) و دەرهێنانی (سامی سلێوە)، یەکێک بوو لە شانۆگەرییەکانی ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ سێ ڕۆژ بەدوای یەکتری لە سەر شانۆی (قوتابخانەی سەرەتایی دیانا) نمایش کرد و هەریەک لە (جەلال سەعید، جەلال مەحمود، یوسف حەسەن زێڕۆ، هەڵکەوت ڕەفعەت، عەبدوقادر عەبدوڵلا، ئەمیر عەبدوڵلا، ڕزگار خدر، جەبار حاجی، ئاوات مەعروف، پەروین مراد، عەیشان عەلی و نەفیا حاجی) تێیدا بەشداربوون. شانۆگەریی (چارەنووسی نادیار) لە نووسینی (یوسف حەسەن زێڕۆ) و دەرهێنانی (جەلال مەحمود)یش یەکێک بوو لە شانۆگەرییەکانی هەمان ساڵ، کە هەریەکە لە (جەلال مەحمود، جەلال سەعید، یوسف حەسەن زێڕۆ، هەڵکەوت ڕەفعەت، عەبدوقادر عەبدوڵلا، ئەمیر عەبدوڵلا، ڕزگار خدر، جەبار حاجی، ڕەسول محەمەد، ئاوات مەعروف، پەروین مراد، عەیشان عەلی و نەفیا حاجی) ڕۆڵیان تێدابینی. (ئەحە شێت) لە نووسینی (ڕزگار حەمە فەرەج) و دەرهێنانی (جەلال مەحمود)، یەکێک لە شانۆگەرییەکانی تر بوو، کە (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) نمایشیان کرد و هەریەکە لە (یوسف حەسەن زێڕۆ، هەڵکەوت ڕەفعەت، جەلال سەعید، عەبدوقادر عەبدوڵلا، جەلال مەحمود، ئەمیر عەبدوڵلا، ڕەسول حەمە، ستار عومەر، فاروق میرزا، عەبدووەهاب مەحمود، نەوزاد نەبی، عەلی ڕوستایی، عارف نەسرەددین، مەعروف وسو، ئاوات مەعروف، پەروین مراد، عەیشان عەلی و نەفیا حاجی) ڕۆڵیان تێدا بینی (خەیری، ٣٩ و ٤٠ و ٤١، ٩).

(تیپی شانۆی شەهید سەربەست) دوای ئەوەی کاریان لەسەر فیلمی (بەرەو ڕزگاری) کرد، بڕیاربوو فیلمێکی تر بە ناونیشانی (پارەو ژیان) لە نووسینی (یوسف برادۆستی) ئامادەبکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی توانای دارایی کاری تێدانەکرا (ڕۆژنامەی برایەتی، ١٦٤٢، ٨).

ئەوەی تێبینی دەکرێت هیچێک لە ئەندامانی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) دەرچووی ئەکادیمیا یان پەیمانگای هونەر نەبوون، بەڵام خۆشەویستییان بۆ شانۆ وایلێکردبوون بە ئاستێکی بەرزی هونەری ئەو کارانە ئەنجامبدەن و تەنانەت هەوڵیاندەدا خۆیان لە دەقی بیانی بەدووربگرن و بەرهەمەکانیان لە نووسینی ستافەکە خۆیان بێت، کە لە چوارچێوەی هەریەکە لە (جەلال مەحمود و یوسف حەسەن زێڕۆ و جەلال سەعید) دەخولایەوە و هەر ئەو سێ کەسایەتییەش داینەمۆ و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری زۆربەی کارەکانی ئەو تیپە بوون (مەحمود، سەعید، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

(تیپی شانۆیی شەهید سەربەست) دوای دەرهێنان و ئامادەکردنی فیلمی تەلەفزیۆنی (بەرەو ڕزگاری) لە کارکردن وەستا، بە بڕوای یەکێک لە سەرپەرشتیارانی هۆکارەکەی بۆ هەڵوێستی بەرپرسانی ئەوکاتی تەلەفزیۆنی کوردستان دەگەڕایە، چونکە پاش پەخشکردنی فیلمەکە لە جیاتی ئەوەی ڕێز لە ماندووبوونیان بگرن، ڕەخنەبارانیان دەکەن، تەنانەت لە پێشنیازەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی (پارەو ژیان)یش ئامادەنابن پاڵپشتییان بن و سەرزەنشت دەکرێن، بۆیە واز لە کاری شانۆیی دەهێنن (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**٢-تیپی شانۆی شەهید شلێر**

(کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد لقی ڕواندز)، لەگەڵ دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٧٧ تیپێکی شانۆیی دروستکرد، هەرچەندە پێشتریش ئەو گروپەی کە هاتنە ناو کۆمەڵە لە کات و بۆنەی جیاوازدا شانۆگەرییان نمایشکردووە وەکو شانۆگەرییەکانی (کاریکاتێر- ٢١ی ئاداری ١٩٧٧، دوارۆژی زوحاک- ٢١ی ئاداری ١٩٧٧)، بەڵام لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵە ئەو شانۆگەرییانە بە بەرنامە و بە شێوەیەکی وردتر کاریان لەسەر کرا و، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی زیاتریان

بەخۆوە بینی و، تەنیا لە ساڵی ١٩٧٨ (٥) شانۆگەری و لە ساڵی ١٩٧٩ش (٣) شانۆگەرییان نمایشکرد (مستەفا، ٢٠١٣، ٨٩ -٩١ و ٩٣-٩٥).

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هونەری شانۆ دەچێتە قۆناغێکی تر و کارەکتەری ئافرەتیش دێنە سەر شانۆ و ڕۆڵ دەبینن، بەمەش لە ساڵی ١٩٨٥ لەدوای پرۆڤەکردن بۆ شانۆگەری (دایکی سەرلێشێواو) (شلێر محەمەد مەحمود) کە یەکێک بوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆگەرییەکە دەکوژرێت، بەمەش تیپی شانۆیی کۆمەڵە بەناوی دەکرێت و لەو ڕێککەوتە بەدواوە بە ناوی تیپی شانۆی شلێر درێژە بە نمایشەکانیان دەدەن[١١]. لە ساڵی ١٩٨٩ش (شانۆگەری نەفرەتلێکراوان) نمایش دەکەن (مستەفا، ٢٠١٣، ١٢١).

لە دوای ڕاپەڕین ئەو تیپە بە فەرمی ناوی بۆ (شەهید شلێر) دەگۆڕدرێت و دەست بە چالاکی دەکات و یەکەمین کاریشیان لە ٢٦ی ئابی ١٩٩١ بریتی دەبێت لە نمایشکردنی شانۆگەری (مەرگی بەختەوەری) کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سۆران و ڕواندز نمایش کرا (گۆڤاری قەڵا، ٧، ٢٠) ، بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی حزبە سیاسییەکان لە کارەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد لقی ڕواندز، کێشە و ململانێ لەنێو ئەندامانی تیپەکە سەریهەڵدا، دواجار کۆتایی بە چالاکییەکانی تیپەکە هات (مستەفا، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**٣-تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا**

دوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ یەکەمین وێستگەی کاری سکرتاریەتی (ی. ق. ل. د. ک) لە شاخەوە بۆ شار، شارۆچکەی دیانای سەر بە قەزای سۆران دەبێت. دەستنیشانکردنی قوتابخانەی دواناوەندیی دیانا، وەکو بارەگای سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە و هەوڵدان بۆ پاراستنی قوتابخانەکە و دەستکردن بە چالاکی بە تایبەت کردنەوەی پیشانگایەک

بەیادی کارەساتی هەڵەبجە، هانی زۆرێک لە قوتابییانیدا کە لەدەوری ئەو ڕێکخراوە کۆببنەوە (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

سەرەتای کاری قوتابییان لە نیشاندانی تواناکانیان لە بواری هونەرییەوە دەستپێدەکات، شانۆش وەکو یەکێک لە بوارەکانی هونەر لە سەرەتاکانی ڕاپەڕین باشترین ئامرازبوو بۆ گەیاندنی پەیام بە خەڵکی، بۆیە ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانەی دواناوەندیی دیانا دەیانخوێند و کەوتبوونە ناو بازنەی سکرتاریەتی (ی. ق. ل. د. ک)، بیرۆکەی دروستکردنی تیپێکی شانۆییان خستە بەردەم ئەو ڕێکخراوە و، ئەوانیش ڕەزامەندییان بۆ هاوکاری و پاڵپشتیکردنیان نیشاندا و، دواجار لە ساڵی ١٩٩١ (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا) بە سەرپەرشتی هەریەک لە قوتابییان (فەیسەڵ سادق[١٢]، فرسەت سۆفی، عەبدوقادر عەبدوڵڵا ناسراو بە قادر عەدۆ، محەمەد حاجی خەلیل بەگ، فکری عەزیز، مەعروف وسو) لە دایکبوو (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

یەکەمین کاری شانۆی ئەو تیپە بریتی بوو لە نمایشکردنی شانۆگەری (چۆن شێت نەبم)، لە نووسینی (بەدری ئەحمەد) و دەرهێنانی (عەبدوقادر عەبدوڵڵا). شانۆگەرییەکە کە باسی لە کارەساتی هەڵەبجەی شەهید و دەرئەنجامەکانی ئەو تراژیدیایەی دەکرد، لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکانی شاخ و شاری ڕووندەکردەوە، لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ لە قوتابخانەی سەرەتایی دیانا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەدوای یەکتری، بە بەشداری ئەکتەران (عەبدوقادر عەبدوڵڵا، فرسەت سۆفی، فەیسەڵ سادق، محەمەد خەلیل، مەعروف وسو، محەمەد حەمەد میر، ئاوات مەعروف، مریەم سەعید، گوڵ سەعید، عەیشان عەلی) نمایشکرا (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ساڵانە کاتێک قوتابی لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تری خوێندن دەڕوات، گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان و ئەرکە فێرکارییەکانیشی دروستدەبێت،

پشووی جۆراوجۆری خوێندنیش لەلایەکی تر، قوتابی لە قوتابخانە و دواجار لە دەزگاکانی پەیوەست بەخۆی دادەبڕێنێت. ئەو دۆخە کە ساڵانە قوتابییان ڕووبەڕووی دەبوونەوە، هۆکارێکی سەرەکیی دوورکەوتنەوەی ئەو توێژەبوو لە گرووپەکانیان و دواجار کاریگەری لەسەر چالاکییەکانیشیان دروستدەکرد، بۆیە بۆ ماوەی نزیکەی یەک ساڵ ئەو تیپە لە کارکردن وەستا.

دوای ئەوەی (ی. ق. ل. د. ک) لە کۆنگرەی ئازادی ساڵی ١٩٩٣، بڕیاری جیاکردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی لە نێوان توێژەکانی قوتابییان و لاوان دا و، قوتابییان بە ناوی (یەکێتی قوتابییانی کوردستان) و لاوانیش بەناوی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) دەستیان بە چالاکییەکانیان کرد، تیپی شانۆی نەوەکانی میدیاش بەهۆی پەیوەندیی ئەندامانی بە ڕێکخراوی (ی. ق. ک) کەوتە ژێر سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوە و لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٩٣ خۆیان بۆ نمایشکردنی شانۆگەری (بەسەرهاتی هیوا) لە نووسینی (ئەمیر عەبدوڵڵا) ناسراو بە (ئەمیر خەوخۆش) و دەرهێنانی (عەبدوقادر عەبدوڵڵا) ئامادەکرد و، هەریەک لە (فەیسەڵ سادق، فکری عەزیز، فرسەت سۆفی، ئاوات مەعروف، حەتەم عەلی، ئەمیر عەبدوڵڵا، عارف نەسرەددین) ڕۆڵیان تێدا بینی و، دوای نمایشکردنیشی لە هۆڵی قوتابخانەی سەرەتایی دیانا، لە هۆڵی بارەگای لیژنەی ناوچەی دیانای (پ. د. ک)یش نمایشکرایەوە (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧)، چۆن بۆ خەڵک پەرتەوازەیی و دابڕان و مەرگی دروستکرد، بۆ گروپە هونەرییەکانیش هەمان ژینگەی خولقاند. (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا)ش بەدەر نەبوو لەو کەشە نوێیە و، بەناچاری دەستیان لە کارە هونەرییەکان هەڵگرت و

کەوتنە نێو ئەو ململانێ سیاسییەی کە کۆی تاکەکانی کۆمەڵگەی بەخۆوە سەرقاڵکردبوو.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ و لە یەکێک لە چالاکییەکان کە بریتی بوو لە ئاهەنگێک، کە لقی١٠ی (پ. د. ک) بە بۆنەیەکی حزبی لە (گۆڕەپانی فرۆکەخانە)ی شارەکە، کە ئێستا بۆتە گەڕەکێکی شاری سۆران و بە ناوی (گەڕەکی برایەتی) ناسراوە سازیکردبوو، تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا بە نمایشکردنی شانۆگەری (دکتۆری فێڵباز) گەڕایەوە گۆڕەپانی هونەری، کە هەریەکە لە (نەسرەت سۆفی، فەرمان ساڵح، نورەدین نەجمەددین، وەسفی ئەحمەد بەگ، هێمن عەبدوڵڵا و ...ئیدی) ڕۆڵیان تێدا بینی، (فرسەت سۆفی) کاری نووسینی گرتبووە ئەستۆ و کاری دەرهێنانیشی لەلایەن (فەیسەڵ سادق) ئەنجامدرا (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ئەو گروپە بەردەوام بووە لە چالاکی و لە شوباتی ١٩٩٩ش شانۆگەری (١٨)نوقڵ لە یادی ١٨ی شوبات ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ی. ق. ک) لە هۆڵی بارەگای ڕادیۆی سۆران نمایشکرد (بڵاوکراوەی سۆران، ١، ٧).

هەرچەندە هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی هونەر بۆ سەر سەکۆی شانۆ لە دوای شەڕی ناوخۆ، بەردەوام بوون، بەڵام نەتوانرا ئەو بزاوتە بگەڕێنرێتەوە بۆ دۆخی سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١، بۆیە (تیپی شانۆی نەوەکانی میدیا)ش بە هێواشی کۆتایی بەکارەکانی هات (سادق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

## ٤-تیپی شانۆی ئاشتی

لە ساڵی ١٩٩١ تیپی شانۆی ئاشتی لەژێر بەرپرسیاریەتی (ڕەمەزان محەمەد ڕەشید[١٣]) و ئەندامیەتی هەریەک لە (چەتۆ حەلاق[١٤]، یونس دینۆ، جەبار ئیسماعیل گەلاڵی، ڕەشاد، عەبدوڕەحمان حاجی) و بە پاڵپشتی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) لە سۆران پێکهێنرا (ڕەشید، حەلاق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

یەکەمین کاری تیپەکە نمایشکردنی شانۆگەریی (کۆرپەکان جگەری دایکن) بوو، لە نووسین و دەرهێنانی (ڕەمەزان محەمەد ڕەشید)، کە هەریەک لە ئەکتەران (چەتۆ حەلاق، ڕەمەزان محەمەد، ڕزگار، یونس دینۆ، ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی، دەروون ساڵح) تێیدا بەشداربوون و، لە هۆڵی (قوتابخانەی سەرەتایی دیانا) نمایشکرا، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتەوانی دارایی، ئەو نمایشە شانۆیە یەکەمین و دوایین کاری تیپی شانۆی ئاشتی بوو، دواجار بەرپرسی تیپەکە پەیوەندی بە (تیپی شانۆی چوارچرا)وە دەکات و لەو تیپەدا بەردەوامی بە حەزە هونەرییەکانی دەدات و (تیپی شانۆی ئاشتی)ش لەبەریەکتری هەڵدەوەشێتەوە (ڕەشید، حەلاق، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

## ٥-تیپی شانۆی سۆرانی سەر بە کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان- کەرتی سۆران

بیرۆکەی دروستکردنی تیپێکی شانۆی بەناوی (تیپی شانۆی سۆرانی) سەر بە (ک. خ. ل. ک) کەرتی سۆران لە ساڵی ١٩٩٢ لەلایەن (سەلام مرادی[١٥]) و چەند کەسێکی ترەوە گەڵاڵە کرا (مرادی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

یەکەمین چالاکی کە تیپی شانۆی سۆران ئەنجامیدا، بریتی بوو لە نمایشکردنی شانۆگەریی (دیکتاتۆر و ڕاپەڕین)، کە لە باخچەی کەرتی ڕێکخستنی سۆرانی (ی. ن. ک) پێشکەشیان کرد (رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٥٣، ٤). شانۆگەرییەکە، کە لە نووسینی (جەرجیس ئیبڕاهیم) و دەرهێنانی (سەلام مرادی) بوو، باسی لە کەسایەتی (سەدام حوسێن)ی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق دەکرد و، هەوڵیدەدا لایەنی زۆرداریی ئەو کەسایەتییە بەرانبەر بە مرۆڤایەتی نیشانبدات. لە شانۆگەرییەکە هەریەکە لە (جەمیل ڕەسول، سەلیم فەقێ، ئەحمەد، هاوار عەلی مراد، عەلی حوسێن، دکتۆر عومەر، سەلام عەلی، ئیبڕاهیم عەلی خدر، حەمەد عەبدوڵڵا، خالید حەمەد عەبدوڵڵا، ئیبڕاهیم حەمەدەمین، غەریب، مامۆستا محەمەد) ڕۆڵیان تێدا بینی (خەیری، ٤٣: ٩).

تیپی شانۆی سۆران دوای نمایشکردنی (شانۆگەری دیکتاتۆر و ڕاپەڕین) لە (سۆران) بە هەمان توانا و کارەکتەر گواستیانەوە بۆ شارۆچکەی (هەریر) و لەوێش نمایشیان کرد. لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٩٢ش بە بۆنەی دامەزراندنی (ی. ن. ک) تابلۆی (مەشخەڵی شۆڕشی نوێ)یان نمایشکرد و کاریشیان بۆ نمایشکردنی شانۆگەریی (ئیمپڕاتۆر بۆ فرۆشتن) کرد (رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ١٢٥، ٨).

(عەلاگەی ڕەش) لە نووسینی (سەلام مرادی)، ناونیشانی شانۆییەکی تری تیپی شانۆی سۆران بوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە (سۆران) نمایشیانکرد (مرادی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

پاش ئەو دۆخەی کە شەڕی ناوخۆ لە پەرتەوازەکردنی هونەرمەندان دروستی کرد، زۆرێک لە ئەندامانی تیپەکەش ئاوارەبوون و لە (شارۆچکەی ڕانیە) گیرسانەوە، لەوێش هەوڵیاندا درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن و هەر بە ناوی تیپی شانۆی سۆران شانۆگەریی (پەیوەند ئەپچڕێنم

یان ئەشکێنم) لە نووسین و دەرهێنانی (سەلام مرادی) لە هۆڵی پێنجی ئازار نمایشکرد (مرادی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

تیپی شانۆی سۆران، دەرئەنجامی بەردەوامبوونی ململانێ چەکدارییەکان و گەرمبوونی شەڕی ناوخۆ، خۆری ئاوابوو و کۆتایی بە تەمەنی هات (مرادی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**٦-تیپی شانۆی چوارچرا**

کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان کەرتی دیانا، لە ساڵی (١٩٩٢) لەسەر داوای هەریەکە لە هونەرمەندان (ئارام حەمە فەرەج و نەجات مستەفا و عەلی حەمە ئیبڕاهیم) (تیپی شانۆی چوارچرا)ی دامەزراند و، یەکەمین کاری شانۆییشیان شانۆگەری (سۆزی دایک و پێشمەرگە)بوو، لە نووسنی (نەجات مستەفا) و ئامادەکردن و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج). ئەو شانۆگەرییە کە بۆ ماوەی (١٢) ڕۆژ لە هۆڵی قوتابخانەی سەرەتایی دیانا نمایشکرا و، پاشان گواسترایەوە بۆ (ڕواندز و شەقڵاوە و خەلیفان) و لەوێش نیشانی جەماوەر درا، هەریەکە لە ئەکتەران (دینۆ، عەلی حەمەد ئیبڕاهیم، وێستان چۆمانی، دەروون ساڵح، سلمیە غەفور، نەجات مستەفا، ڕەمەزان محەمەد ڕەشید، فەتاح مستەفا، ...ئیدی) بەشدارییان تێداکرد. چیرۆکی شانۆگەرییەکە دەگەڕایەوە بۆ ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٢) و باسی لە ژیانی پێشمەرگە لە شاخ و خەڵک لە شاردا دەکرد، سیاسەتی حوکمڕانانیی بەغداش بەرانبەر مافەکانی کوردی ڕووندەکردەوە (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). (شانۆگەری پینەدۆز)یش کە کارێکی کۆمیدی بوو و، لەلایەن (نەجات مستەفا) دەقەکەی نووسرابووەوە و (ئارام حەمە فەرەج) کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو، یەکێکی تر بوو لە شانۆگەرییەکانی ئەو تیپە، کە لە ساڵی ١٩٩٢ بە هاوکاریی (تیپی مۆسیقای گەڵاڵە) و بە بەشداری ئەکتەران (ئارام حەمە فەرەج، ڕەمەزان محەمەد ڕەشید، نەجات مستەفا، مەزهەر عەبدوڵڵا پاشا) و منداڵان (کاروان و تارا)

نمایشکرا (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)، هەمان شانۆگەری لە ٢١ی ئاداری ١٩٩٢ش لە ئاهەنگێک کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمانی (ی. ن. ک) سازیکرد، دووبارەکرایەوە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٦٧، ٤).

تیپی شانۆی چوارچرا، لە ڕۆژی ٥ی نیسانی ١٩٩٢ (شانۆگەری بروسکەیەک بۆ هەڵەبجە) لەسەر شانۆی پاشای گەورە لە ڕواندز نمایشکرد (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٦٧، ٨)، بیرۆکەی شانۆگەرییەکە کە لە دەقێکی شانۆیی بە ناونیشانی (بروسکەیەک بۆ شاتێلا) لە نووسینی (دڵشاد ئەحمەد قادر) وەرگیرابوو، (ئارام حەمە فەرەج) دووبارە ئامادەی کردەوە و بە ناوی (بروسکەیەک بۆ هەڵەبجە) سیناریۆی بۆ دانا و کاری دەرهێنانیشی بۆ کرد و بە بەشداری ئەندامانی تیپی شانۆی چوارچرا نمایشکرد (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

(گورگی بێشە و هەردی) کە کارێکی منداڵانە بوو، یەکێکی تر لە شانۆگەرییەکانی ئەو تیپە بوو، کە لە ٢٦ی شوباتی ١٩٩٣ لە نووسینی (مارسیل تیمی) و وەرگێڕانی (سمکۆ ناکام) و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج) بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە سۆران نمایشکرا (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٣٣١، ٨). ئەو تیپە بە بەشداری هەریەکە لە (ئارام حەمە فەرەج، فرسەت ئەحمەد، نەجات مستەفا، عەلی حەمە ئیبراهیم) شانۆگەری (دکتۆری ددان)یش، لە نووسین و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرج) نمایشکردووە (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

تیپی شانۆی چوارچرا، لە ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کاری تەلەفزیۆنییان ئەنجامدا، کە بریتی بوو لە درامایەک بە ناونیشانی (ئازارەکانمان)، لە نووسینی (نەجات مستەفا) و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج) و، هەریەکە لە (سەلام عەلی مرادی، ویستان چۆمانی، جەمیل ڕەسول، عەلی حەمە ئیبراهیم، ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی، جەلال ئاوارە) و منداڵان (تارا و

کاروان ڕەمەزان) وەکو ئەکتەر تێیدا بەشداربوون و، بە کامیرای ڤیدیۆ لەلایەن (کەمال قادر باوەکر) کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجامدرابوو، لەلایەن هونەرمەند (شێرزاد حەیدەری) مۆسیقای تایتڵ و گۆرانییەکانی ئامادەکرابوو، باسی لە ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لە سەردەمی بەعس دەکرد. چیرۆکی درامایەکە کە لە ڕووداوی ڕاستیی ئەو سەردەم وەرگیرابوو، هەوڵیدەدا لە یەک کاتدا بەرگریکردن لە نیشتمان و هەوڵەکان بۆ ئازادی و سەربەستی بخاتەڕوو (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٣٣٤، ٨).

بیرۆکەی درامای (ئازەرەکانمان) هەڵقوڵاوی شانۆگەری (سۆزی دایک و پێشمەرگە)بوو، کە بە هاوکاری و پاڵپشتی بازرگان و دوکاندارانی بازاڕی سۆران ئامادەکرا و، نزیکەی (٧٠) کەس ڕۆڵیان تێدا بینی، هەمان ساڵ لە تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکانی ئەو سەردەم وەکو (کەناڵی حزبی زەحمەتکێشان و کەناڵی هەولێری سەر بە بەرەی کوردستانی) نیشاندرا (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

(جوجەڵەی بێ دایک)یش یەکێکی تر بوو لە کارەکانی تیپی شانۆی چوارچرا، کە لە نووسینی (جەبار حەمەد) و ئامادەکردن و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج) بوو، کاری مۆسیقای لەلایەن (تیپی مۆسیقای گەلاڵە) بۆ کرابوو، هەریەکە لە ئەکتەران (ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی، عەلی حەمەد ئیبراهیم، ڕەمەزان محەمەد ڕەشید، وێستان چۆمانی، دەروون ساڵح، سلمیە غەفور، نەجات مستەفا، فەتاح مستەفا، عەبدوسەلام محەمەد، ... ئیدی) بەشداریان تێدا کرد (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

تیپی شانۆی چوارچرا کارێکی هاوبەشیان لەگەڵ تیپی شانۆی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بە ناونیشانی (لە چایخانە چ باسە) ئەنجامدا. ئەم شانۆگەرییەش کە لە نووسینی (ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی) و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج) بوو، لە ساڵی ١٩٩٤ لە سۆران و ڕواندز نمایشکرا و، هەریەکە لە (ئارام حەمە فەرەج، ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی،

عەلی حەمە ئیبراهیم، دەروون ساڵح، ...ئیدی) بەشدارییان تێداکرد، کە باسی لە ژیانی ڕۆژانەی تاکی کوردی دەکرد و، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای لە چایخانەیەک کۆکردبوونەوە و هەریەکەی لەلای خۆی کێشە و ئێش و ئازارەکانی بە زمانێکی کۆمیدی دەردەبڕی (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ئارام حەمە فەرەج، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەمزی وەکو ئاژەڵ و سروشت لەنێو کارەکانیدا، هەوڵیدەدا ئینارە و ڕووناکی و موزیک لە نمایشەکانیدا بەکاربهێنێت و، تا ساڵی ١٩٩٤ و کۆتایی هاتنی تەمەنی تیپەکەش هەریەکە لە (سەیفەددین نووری، نەجات مستەفا، فەتاح مستەفا، ساڵح بروسک، عەزیزی مام ڕەسول، عەلی حەمە ساڵح، ئەرسەلان فەیزوڵڵا وەردی، سلمیە غەفور، حەربیە غەفور، شاناز محەمەد، عەبدوسەلام محەمەد، سابیر گرتکی، حەیدەری حاجی خدر، شادیە ئەدیب، نەرمین حوسێن، ئاواز، دڵخواز، تارا، بەیان و گەلاوێژ) هاوکارییان کردووە. هونەرمەند (ڕەمەزان محەمەد ڕەشید)یش وێڕای ئەو ڕۆڵانەی لە سەر شانۆ بینیویەتی، لە یەکەمین کاری دەرهێنەر، تا ساڵی (٢٠٠٣) هەموو ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ڕووناکی بە سەلیقە و ئامادەکارییەکی تەواوەوە جێبەجێ کردووە (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**٧-تیپی شانۆی پیرەمێرد**

تیپی شانۆی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٩٢ لە (گوندی دێڵزیانی) سەر بە ناحیەی دیانای قەزای سۆران، لەلایەن گەنجانی گوندی دێڵزیان دامەزرێندرا، سەرەتا سەر بە ڕێکخراوی دێڵزیانی (ی. ق. ل. د. ک) بووە، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆنگرەی ئازادی هەردووک ڕێکخراو لە یەکتری جیابوونەوە، ئەو تیپە لە پاڵ (ی. ل. د. ک) درێژەی بە چالاکییەکانی دا و، بەرهەمەکانیان و کاریکاتێر و دەمەتەقێی شانۆیەکانیان لە ئاهەنگە

جەماوەرییەکانی دەرەوەی هۆڵەکان کە بەبۆنەی حزبی و ڕێکخراوەیی و نەتەوەییەکان سازدەکران نمایش دەکرد.

شانۆگەریی (نیشتمانی زوڵم لێکراو) کە یەکەمین کاری شانۆییان بوو، لەلایەن (بورهان ئەحمەد)یش کاری دەرهێنانی بۆ کرابوو و، هەریەک لە (حەیدەر خالید ئیبراهیم[16]، موحسین حەمەد، مەهدی ئەبابەکر، جەمال ئەسعەد، مەهدی مستەفا، ئەیوب سادق، محەمەد مەعروف، ئەحمەد حەسەن، ڕزگار دیڵزی، فریاد لایق) ڕۆڵیان تێدا گێڕا، باسی لەو زوڵم و ناعەدالەتییە دەکرد، کە بەدرێژایی مێژوو لە بەرانبەر کورد کراوە (خەیری، ٤٥، ٩).

شانۆگەریی (کاروانی خەبات) یەکێکی تر بوو لە کارەکانی ئەو تیپە، کە لە ساڵی ١٩٩٤ لە دەرهێنانی (مەجید ڕەحمان) لە قوتابخانەی گوندی دیڵزیان نمایشکرد، لەو شانۆگەرییەشدا کە باسیان لە قۆناغەکانی خەباتی گەلی کوردستان لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی دەکرد، هەریەک لە ئەکتەران (سیامەند خدر، مەعروف نەبی، موحسین حەمەد، حەیدەر خالید، فارس نەبی، جەمال ئەسعەد، فەریق وەسمان، فریاد لاس، ئەیوب سادق، قادر حەلاق، مەهدی مستەفا) ڕۆڵیان تێدا بینی (خەیری، ٤٨، ٩).

ستافی کاری تیپی شانۆی پیرەمێرد، بەهۆی گرنگینەدانیان بە ئەرشیفکردنی چالاکییەکانیان و، نمایشکردنی شانۆگەرییەکانیان لە چوارچێوەی چالاکییەکانی (١٦ی ئاب) کە یادی دامەزراندنی (پ. د. ک)ە، یان (١٨ی شوبات) کە یادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی (ی. ق. ک) و (ی. ل. د. ک)ە یاخود ئاهەنگی نەورۆز، ڕۆڵیان ونبووە و تەنانەت کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش گرنگیان پێ نەداون، بۆیە ئەوەی دەست توێژەر کەوتووە، تەنیا ڕیزبەندکردنی ناوی شانۆگەری و ستافی کاریەتی، کە لەلایەن یەکێک لە کارەکتەرەکانی دەستی کەوتووە، تا ڕۆڵی ئەو تیپە لە بزاڤی ڕۆشنبیری سنووری قەزای سۆران ون نەبێت.

ئەم تیپە کە لە ماوەی توێژینەوە بەردەوام لەکاردابووە، هەریەک لە شانۆگەرییەکان (کاروانی خەبات، ئازادی بۆ کوردستان، نیشتمانی زوڵم لێکراو، دکتۆر و بەردەست، حەلاق و مشتەری، زامی هەڵەبجە، دیکتاتۆر باوی نەما، باوک بناغەی دانا کوڕ تەواوی کرد، ئەنفالی کوردان، ئازادی ڕادەربڕین، بەرەی کوردستانی، بەعس چی بەسەرهات) نمایشکردووە. ئەو شانۆگەریانەش لە قۆناغ و سەردەمی جیاواز هەریەک لە (بورهان ئەحمەد، مەجید ڕمەزان ناسراو بە مەجیدە ڕەش، حەیدر خالید، موحسین حەمەد، فکری مستەفا، مەهدی ئەبابەکر، سیامەند خدر، مەعروف نەبی، سلێمان وسو، مەهدی مستەفا، فارس نەبی، حاتەم خالید، قادر حوسێن، شەهید ڕزگار، ئەحمەد حوسێن، هۆگر خورشید، محەمەد مەعروف، فریاد لاس، ئەمیر حەمەد، محەمەد ئەبابەکر، شێرزان ئەحمەد، عەبدوکەریم حوسێن، لوقمان خالید، ڕێبوار عەزیز، ئەیوب سادق، فەریق وەسمان، قانیعە حوسێن، حەلیمە ئیبراهیم، هاژە جەمیل، بەفرین حەکیم، مەنیجە مستەفا) ڕۆڵیان تێدا بینیوە و، زۆرترین بەرهەم و دەقە شانۆییەکانیشی، لەلایەن (بورهان ئەحمەد) کاری نووسین و کاری دەرهێنانیشی لەلایەن (مەجید ڕەحمان) ئەنجامدراون و، جگە لە (گوندی دێڵزیان)یش لە (سۆران و سیدەکان و ڕواندز و خەلیفان) شانۆکانیان نمایشکردوون (ئیبراهیم، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

## ٨-تیپی شانۆی خەلیفان

لە گردبوونەوەی کۆمەڵێک لە هونەردۆستی دانیشتووی (ناحیەی خەلیفان) کە لە هەریەکە لە (واحید ئەحمەد قاسم، کازم ئیبراهیم، دڵزار موسڵح، ئازادە سۆر، محەمەد ئەسعەد کاروانچی، سەفین عەبدوڵڵا، وریا ئەحمەد خورشید) پێکدەهات، لە ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری دروستکردنی تیپی شانۆی خەلیفان درا. ئەو کۆمەڵە لاوە کە هەریەکەیان سەر بە حزبێکی سیاسی بوون، بەڵام بەبێ گوێدانە بیروڕای سیاسیان دەستیان بەو پڕۆژە

هونەریەیان کرد و، لە بۆنە و چالاکییە هونەرییەکانی (خەلیفان) بەشدارییان کرد (سریشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

یەکەمین کاری هونەری تیپەکە بریتی دەبێت لە نمایشکردنی (شانۆگەری دکتۆری فیڵباز)، لە نووسینی (واحید ئەحمەد) و ئامادەکردنی (یوسف نووری) و دەرهێنانی (دڵزار موسلح)، کە لە ٢٩ی کانوونی دووەمی١٩٩٣ لە (خەلیفان) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەدوای یەکتری نمایشیانکرد (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٣٠٧، ٨).

بەهۆی نەبوونی ئەرشیف و دیکۆمێنتنەکردنی چالاکییەکانی تیپەکە، تەنیا ناوی هەندێک شانۆگەریە نمایشکراوەکانیان لەیاد ماوە، ئەویش بەبێ ئەوەی کات و شوێنی کارکردنی بزانن، ئەوانیش شانۆگەرییەکانی (لە چایخانە چ باسە، ئەحە بۆ شێت بوو، زێڕەکەم)بوون، لەگەڵ (شانۆگەری هەڵەبجە) کە ساڵانە لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر شەقام نمایشیان کردووە.

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧)، ئەو تیپە کەوتە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی (ی. ل. د. ک)، بۆیە لە چالاکییەکانی دوای ئەو ڕووداوانە بە ناوی (تیپی شانۆی خەلیفانی سەربە ناوەندی خەلیفانی ی. ل. د. ک) ناوی هاتووە (سریشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن). لەو چوارچێوەیە، لە ڕۆژانی ٢٣-٢٤ی شوباتی ١٩٩٩ شانۆگەری (شێتبوون لە پێناو چی) لە (خەلیفان) نمایشکرد (گۆڤاری پێشکەوتن، ٧٩، ٥٥). لە ڕۆژانی ١-٢ی نیسانی ٢٠٠١یش کاریان لەسەر نمایشکردنی شانۆگەری (وێرانە وڵات) کرد، شانۆگەریەکە کە لە نووسینی (میقداد شاسوار) و دەرهێنانی (محەمەد ئەسعەد کاروانچی) بوو، لە هۆڵی لیژنەی ناوچەی خەلیفانی (پ. د. ک) نمایشکرا، شانۆگەرییەکە باسی لە واقعی ڕابردووی گەلی کورد دەکرد و، هەوڵیدەدا بیر و شێوازی ئەو لاوانە نیشانبدات کە

دەیانەوێت وڵات جێبهێڵن (ڕۆژنامەی برایەتی، ٣٣٥١، ١٢. گۆڤاری پێشکەوتن، ١٠٤، ٤٩).

ئەو تیپە کە لە ماوەی توێژینەوە لەکاردابووە، لە قۆناغ و سەردەمی جیاواز هەریەک لە ئەکتەران (واحید ئەحمەد قاسم، ئازادە سۆر، خۆگر خالید، فەقێ شل ڕانیەیی، عومەر ڕانیەیی، ئەلیاسی شاعیر، شهاب خەسرۆ، جاسم بایز، کازم ئیبراهیم، نەعمان عەبدوڵڵا، تەڵعەت سلێمان، وریا ئەحمەد خورشید، سەفین عەبدوڵڵا، حاجی سەلیم، شاخەوان محەمەد، کەنعان عەبدوڵڵا سرێشمەیی[١٧]، دەروون دڵدار، سەفین یاسین) هاوکاریان بوونە (سرێشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

تیپی شانۆیی خەلیفان، کە زۆرترین چالاکییەکانی لە هۆڵی لیژنەی ناوچەی خەلیفانی (پ. د. ک) نمایشدەکردن، هەندێک جاریش کارەکانیان لە دەرەوە و لە چوارچێوەی بۆنە نەتەوەییەکان پیشانی جەماوەر دەدا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی کارە شانۆییەکانیان بەبێ بوونی ئافرەت بەڕێوەبردوون، کە بە بڕوای یەکێک لە سەرپەرشتیارانی هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ کولتووری کۆمەڵایەتی شارۆچکەی خەلیفان کە ڕێگەی بە بەشداری ئافرەت لە چالاکییە هونەرییەکان نەدەدا (سرێشمەیی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**٩-تیپی شانۆی یەکی ئایار**

تیپی شانۆی یەکی ئایار لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن کۆمەڵێک گەنج کە لە دەوری بارەگای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ڕواندز کۆببوونەوە ڕاگەیەندرا. ئەو گەنجانە هەرچەندە سەر بە لایەن و خاوەنی بیروڕای جیاوازبوون، بەڵام ئەو سەردەم بارەگای حزبی زەحمەتکێشان ببووە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوە و لە باوەشگرتنی ئەو گەنجانەی ئارەزووی خوێندنەوە و نووسین و ئەنجامدانی چالاکیی هونەرییان دەکرد و تەنانەت

ببووە شوێنی گفتوگۆی ئەدەبی و ئاڵوگۆڕکردن و خوێندنەوەی کتێب. بەبێ ئەوەی ئەو حزبە لە ڕووی داراییەوە هاوکارییان بکات، ئەو گەنجانە ڕۆژانە لەو بارەگایە گرددەبوونەوە و وەکو بنکەیەک بۆ دەرخستنی تواناکانیان دەبینی (هەندرێنی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

(تیپی شانۆی یەکی ئایار)یش لە سەردەستی ئەو گەنجانە کە پێکهاتبوون لە (حەسەن مستەفا[١٨]، حوسێن مستەفا، سلێمان حەمەدەمین، ڕزگار ڕەسول، ستار ئەحمەد، عوسمان باڵابەرز، سدیق سەعید، نووری بێخاڵی[١٩]، هێمن جۆلا، ستار ئەحمەد، ستار حەمکۆ، محەمەد ئەحمەد، هیواسەید سەلیم، سەباح ئەحمەد) لەدایکبوو. بەهۆی زاڵی بیری مارکسی بەسەر ژیانی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی و هزر و چاند بە شێوەیەکی تایبەتی، هەڵبژاردنی ناوی یەکی ئایار بە گونجاو زانرا بۆ هەڵگرتنی ناسنامەی ئەو تیپە (بێخاڵی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

یەکەمین چالاکی (تیپی شانۆی یەکی ئایار) بریتی بوو لە نمایشکردنی شانۆگەریی (بۆیاخچی) کە لە ١ی ئایاری ١٩٩٣ لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە لە ڕواندز، بۆ سێ ڕۆژ بەدوای یەک پێشکەشکرا. ئەو شانۆگەرییە کە لە لایەن (ئازاد محەمەد عەلی) کاری دەرهێنانی بۆ کرابوو، هەریەک لە (حەسەن مستەفا، عوسمان باڵابەرز، سدیق سەعید، نووری بێخاڵی، هێمن جۆلا، ستار ئەحمەد، ستار حەمکۆ، محەمەد ئەحمەد، هیواسەید سەلیم، سەباح ئەحمەد) ڕۆڵیان تێیدا بینی (بێخاڵی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

شانۆگەریی (بازرگانی سەردەم) لە نووسینی (حوسێن مستەفا) و دەرهێنانی (ئازاد محەمەد عەلی) یەکێکی تر بوو لە کارەکانی تیپەکە، کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٤ لە چوارچێوەی ئاهەنگێکی هاوبەشی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شوعی کوردستان لە ڕواندز سازکرا، بە بەشداری هەریەکە لە ئەکتەران (نووری بێخاڵی، سدیق سەعید ڕەسول،

سەعید کەڕەکی، ڕزگار ڕەسول، فاخیر ڕەسول) نمایشکرا. شانۆگەرییەکە کە باسی لە دابونەریتی ئەو سەردەمی کۆمەڵایەتی دەکرد، لەسەر شێوازی ئەو سەردەمی بەشودانی کچ وەستا و ڕەخنەی لەو دیاردە کۆمەڵایەتیە گرت، کە کچ بۆ پارە و دەسکەوتی ماددی بە شوودەدەن (هەندرێنی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

هەرچەندە گروپێکی چالاک و بوێر لە بازنەی (تیپی شانۆی یەکی ئایار) کۆببوونەوە، بەڵام بەهۆی خراپیی دۆخی ئابووری و نەبوونی پاڵپشتی، هەمان ساڵ تیپەکە لە کارکردن وەستا و درێژەی بە نمایشەکانی نەدایەوە (هەندرێنی، بێخاڵی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

**١٠-تیپی شانۆی پاشای گەورە**

دوای دابڕانێکی چەند ساڵەی هونەرمەندان و ئارەزومەندانی بواری شانۆ، (تیپی شانۆی پاشای گەورە) لە ڕواندز بە چاودێری ناوچەی ڕواندزی (ی. ق. ک)، پاش نمایشکردنی شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاک) لە (هاوینەهەواری جندیان) لە ١ی نیسانی ١٩٩٧ لەلایەن گروپێک لە شانۆکار، لە ٦ی نیسانی ١٩٩٧ بە سەرپەرشتی (کاوە حاجی جەوهەر[٢٠]، خەسرۆ ئیسماعیل، عومران عەزیز) ڕاگەیەندرا (جەوهەر، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاک) کە لەلایەن (کاوە حاجی جەوهەر) ئامادەکرابوو و (زرار محەمەد مستەفا[٢١])ش کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو و، (نووری بێخاڵی)یش وەکو بەڕێوەبەر و یاریدەدەری دەرهێنەر هاوکاریان بوو، هەریەک لە (ئەحمەد شێخە و محەمەد دیدی) کاری ئارایشتیان بۆ کرد و، لەلایەن (یوسف عومەر ڕواندزی)یش ئەرکی موزیکی شانۆیەکە ڕاپەڕێندرا بوو. بە بەشداری ستافێکی گەورە لە ئەکتەر کە پێکدەهات لە هەریەکە لە (کاوە حاجی جەوهەر، عومران عەزیز، نیاز

عەلی ئەحمەد، عەبدوسەلام محەمەد حەسەن، دەروون ئازاد مەعروف، دادیار ئازاد مەعروف، ئدریس عوسمان عومەر، ڕزگار قادر مەجید، مەسعود سەباح گەرەوەیی، فاخر تاهر ڕەحمان، حەیدەر خالید فەقیانی، سیروان عومەر جەوهەر، ڤیان محەمەد جەرجیس، خسرۆ ئیسماعیل حەسەن، ڕەشید محەمەد ئەحمەد، نەوزاد جەلال قادر، ئاریان عومەر جەوهەر، حەیدەر عومەر گەرەوەیی، ئیسماعیل سدیق، بەختیار سەباح ئەحمەد، فاخر عەزیز عەوڵڵا، نزار ئەحمەد، حوسێن کەروب، ئەرسەلان خالید فەقیانی، جەمال جەلال قادر) نمایشکرا. ئەم شانۆگەرییە لە نێوان خێر و شەڕدا، ئازادیخواز و دیکتاتۆریەتدا دیمەنی جوانی نیشانی بینەرانیدا، دواجار بە سەرکەوتنی ئینسانی خاوەن ئیرادە کۆتایی پێهێنرا (جەوهەر، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی قوتابخانە، تیپی شانۆی پاشای گەورە، شانۆگەریی (سەرتاشی قادۆ) لە یادی ٤٤ ساڵەی دامەزراندنی (ی. ق. ک) نمایشکرد، شانۆگەرییەکە، کە لە ئامادەکردنی (کاوە حاجی جەوهەر) بوو، هەریەکە لە (کاوە حاجی جەوهەر، خسرۆ ئیسماعیل، حوسێن گەرەوەیی و فاخر عەزیز عەوڵڵا) وەکو ئەکتەر بەشدارییان تێدا کرد. لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧یش شانۆگەری (دکتۆر و فەڕاش) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (کاوە حاجی جەوهەر) و بە بەشداری ئەکتەران (کاوە حاجی جەوهەر، خسرۆ ئیسماعیل، ڕزگار قادر مەجید، دادیار ئازاد، حوسێن کەروب) نمایشکرد (جەوهەر، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ساڵی ١٩٩٨ هەندێک گۆڕانکاری لە ستافی کاری تیپی شانۆی پاشای گەورە دروست دەبن، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە ڕێگری لە بەردەوامبوونی تیپەکە ناگرن و، یەکەمین کاریشیان بۆ ساڵی نوێ بریتی دەبێت لە نمایشکردنی شانۆگەریی (چی شێتی کردین). کە لە ڕۆژانی (٢٣و ٢٤ی شوباتی ١٩٩٨) لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە لە ڕواندز، لە

نووسینی (مەهتابی مەلا عوسمان) و دەرهێنانی (شوان عەبدوڵڵا) نمایشکرا و هەریەک لە ئەکتەران (ڕزگار قادر بێخاڵی، ئەسرین عوسمان، زیاد مەلا کەریم[٢٢]، عومران عەزیز، بنار حەسەن، نەجیبە ئەحمەد عەلی، نزار ئەحمەد عەلی، ئدریس عوسمان، ڤیان محەمەد جەرجیس) منداڵەکان (زیرەک وریا سەعید، ڕێژنە وریا سەعید) بەشداربوون (کەریم، ٦٨، ٦).

تیپی شانۆی پاشای گەورە، لە قوتابخانەکان زیاتر کورتە شانۆگەرییان لە چوارچێوەی بۆنەکاندا نمایشکردووە و تا ساڵی ٢٠٠٠ تیپەکە بە پشتیوانیی (ی. ق. ک) لیژنەی ناوچەی ڕواندز درێژەی بە کارەکانیداوە، بەڵام زاڵبوونی بواری ڕاگەیاندن بەسەر بوارەکانی تری هونەری، ئاراستەی کاری زۆربەی ئەندامانی تیپەکەشی گۆڕی، بۆیە لە هەمان ساڵدا کۆتایی بە کارەکانی هات (کەریم، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

## ١١-تیپی شانۆی سۆرانی سەر بە لقی سۆرانی (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان)

ساڵی ١٩٩٩ هونەرمەند (ئارام حەمە فەرەج) لەگەڵ لقی سۆرانی (ی. ل. د. ک) دەستی بە دروستکردنی تیپی شانۆی سۆران کرد، لە یەکەم کاریشیدا لە ڕۆژانی ٨و٩و١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ شانۆگەریی (جوجوڵەی بێ دایک) لە نووسینی (جەبار ئەحمەد) و دەرهێنانی (ئارام حەمە فەرەج) لە (سۆران) نمایشکرد. شانۆگەرییەکە، کە لە ساڵی ١٩٩٣ش لە (سۆران) نمایشکرابوو، بە ستاف و کاراکتەری نوێ لەلایەن هەمان نووسەر و دەرهێنەرەوە، ڕۆژانە پتر لە یەک کاتژمێر، لە هۆڵی ڕادیۆی لقی١٠ی (پ. د. ک) نمایشکرایەوە (فەرەج، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن)

شانۆگەریی (جوجەڵەی بێ دایک) کە لەلایەن (هەڵکەوت ڕەفعەت) سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و ڕووناکی و جێبەجێکردنیشی لە ئەستۆی (ڕەمەزان محەمەد ڕەشید) دابوو و، (سەلام

نەورۆز)یش لە کارە هونەرییەکان هاوکاریان بوو، هێزە ڕکابەرەکان لە شێوەی ئاژەڵ ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، هێزی جوانی کە لە کەڵەشێر و هێزی شەڕیش لە ڕێوی بەرجەستە کرابوو، دونیای بەرائەت و جوانی لە کۆتایی شانۆیەکەدا سەرکەوتنی لەو ململانێ بەردەوامەی کە هەیە بەدەستهێنا. دەرهێنەر بەهاوکاری هەریەکە لە (یوسف عومەر ڕواندزی، شاڵاو ساڵح، تابان سیزارۆ) سوودی لە مۆسیقا وەرگرت و، هەریەکە لە (هاوکار خورشید، ئارام حەمە فەرەج، حەسەن ڕەسول، ئیسماعیل ئەبابەکر، بێخاڵ ئەسکەندەر، فریاد ڕواندزی، بەهار حەمید، لەرزان تارق، شانۆ ڕەمزی، فرەیدون خالد، ئامانج عەبدوڵڵا، داهات عەزیز، شێروان عەبدوڵڵا، سانع عەرەفات، هەوراز ڕەحمان، نافیعە خالد، جیریا عەرەفات، ئەسمەر مرادخان، ئاوارە زاهیر، لیلاڤ هەوەند، لانە فاروق، پەیام سەیدەوان)یش وەکو ئەکتەر بەشداری شانۆگەرییەکە بوون و، سەرکەوتوانە بە زمانی منداڵان پەیامی خۆیان گەیاند (کەریم، ٢٧٥٧، ٨. گۆڤاری زۆزک، ٢، ٥٨).

بەرانبەر ئەو دەنگدانەوە و پێشوازییە گەرمەی لێیانکرا، لەلایەن لقی سۆرانی (ی. ل. د. ک) لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە ١٦ی شوباتی ١٩٩٩ بەڕێوەچوو، ستافی کاری شانۆکە خەڵاتکران (گۆڤاری پێشکەوتن، ٧٩، ٥٤). ئەم تیپە هەرچەندە لەکارکردن بەردەوام بووە، بەڵام لەماوەی توێژینەوە تەنیا شانۆگەریی (جوجەڵەی بێ دایک)ی نمایشکرد.

### ١٢-بەشی شانۆی، گروپی هونەری سۆناتا

گروپی هونەری سۆناتا، لە ئەنجامی بوونی بۆشاییەکی هونەری لە بوارەکانی (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکاری) لە سۆران، لەسەردەستی گروپێک بە سەرۆکایەتیی هونەرمەند (یوسف عومەر ڕواندزی[٢٣]) لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠١ بە ئەنجامدانی چالاکییەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مۆسیقا ڕاگەیەندرا (ڕواندزی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

ئەو گروپە هەرچەندە لە بوارەکانی تری هونەریش کاریان کردووە، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژەرە، قسەکردنە لەسەر لایەنی شانۆییەکەی، ئەوەبوو لە ئێوارەی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٠٢ لە هۆڵی سینەمای سۆران (شانۆگەری دادوەر)یان نمایشکرد. ئەم شانۆگەرییە کە لە نووسینی (ئەلڤاستۆ ساستریێ) و وەرگێڕانی (حەمە سەعید حەسەن) و دەرهێنانی (یونس عوسمان) بوو، هەریەک لە ئەکتەران (لەیلا حەسەن عەبدوڵلا، شەهلا حەسەن عەبدوڵلا، ئیسماعیل ئەبابەکر، مەسعود عەبدوڵلا، حەسەن ڕەسول فەقێ، هیوا سەلاح خەیری، ئامانج عەبدوڵلا، ڕوناک خالید، فرەیدون خالید، ڕاژان کەریم) ڕۆڵیان تێدا بینی و (ئارام حەمە فەرەج) لەگەڵ بینینی ڕۆڵی حیکایەت خوان، ئەرکی یاریدەدەری دەرهێنەری شانۆکەشی لە ئەستۆدابووە و، هەریەکە لە (ساڵح زرار و سالار مەلا سادق)یش کاری ڕووناکی لە جێبەجێکردنی (ڕەمەزان محەمەد ڕەشید) پێ سپێردرابوو و، (سەلام نەورۆز و ڕەگەز ڕەشید)یش دیزاینی شانۆکەیان دەکرد و کاری مۆسیقاش لەلایەن (یوسف عومەر ڕواندزی، هەژار عەبدوڵلا و فەرهاد محەمەد) ئەنجامدەدرا و بەڕێوەبردنی شانۆکەش لە ئەستۆی (حەسەن ڕەسول فەقێ)دا بوو. شانۆگەرییەکە باسی لە ململانێی دوو هێز دەکرد، کە دواجار هێزی حەقیقەت و پاکی سەردەکەوت و لە پەیڤی دەرهێنەریشدا هاتبوو" هیچ شتێک بە قەد یاسا بەهێز نییە، بەڵام حەقیقەت هەمیشە لە یاساش بەهێزترە" (ڕۆژنامەی برایەتی، ٣٧٩٩، ١٢).

گروپی سۆناتا ژوورێکیان لە نێو باڵەخانەی کۆنی بەشی ناوخۆی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران پێدرابوو و خۆبەشخانە و بەبێ هیچ دەسکەوتێکی ماددی کاریان دەکرد. پاش ئەو بەرهەمانەیان لەلایەن جەماوەرەوە چاوەڕێی بەردەوامییان لێدەکرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ سەختی گوزەران، ئەندامانی ناچار بە دابینکردنی بژێوی ژیانی تایبەتیان کرد، بۆیە تیپەکە بە هێواشی لە کارکردن وەستا (ڕواندزی، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

## ئەنجام

١-ڕاپەڕین چۆن ژینگەیەکی ئازادی بۆ کۆمەڵگای باشووری کوردستان خولقاند، بۆ تیپە شانۆییەکانیش، فەزایەکی فراوان و کراوەی پێکهێنا، تا ئەو پەیامانەی کە شانۆکارانی سۆران بەر لە ڕاپەڕین بە ڕەمز دەیانگەیاند، بە شێوەی ڕوون و ئاشکەرا بیگەیەنن. لە هەمانکاتدا دەرفەتی بۆ سەرهەڵدانی تیپی نوێی شانۆییش ڕەخساند.

٢-ئەگەرچی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، بە تایبەت ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانیان، مەبەستی تایبەتی و ئامانجی ڕێکخراوەییان لە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی تیپە شانۆییەکاندا هەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی کارایان گێڕا بۆ پێکهێنان و لەدایکبوونی تیپی شانۆیی و فراوانبوونی چالاکییەکانیان و، دروستبوونی ئەکتەر و شانۆکار و چالاکوانی بوارەکانی تری ڕۆشنبیری.

٣-کردنەوەی دەرگاکان بە ڕووی ئافرەتاندا لەلایەن ئەو تیپە شانۆییانەی کە لە قەزای سۆران دروستبوون، پاڵپشتیی ئەو توێژەی کۆمەڵگایانکرد کە لە بوارەکانی تریشدا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

٤-هەرچەندە تیپە شانۆییەکان بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ڕووی توانای مرۆیی و توانای مەعرفی و ئیدارییەوە هاوکار و پاڵپشتی یەکتر بوونە.

٥-بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٧) تیپە شانۆییەکانی قەزای سۆران لەپەلوپۆکەوتن، هەرچەندە هەوڵیش بۆ زیندووکردنەوە و گەڕاندنەوەی بینەران بۆ هۆڵی شانۆیی هەبوون، بەڵام ئەم هەولانە لەبەر هۆکاری ماددی و نەبوونی پاڵپشتیی مەعنەوی و دارایی و بڵاوبوونەوەی هۆکاری ڕاگەیاندنی وەک (بینرا و بیسترا و خوێندراو) نەیانتوانی

هونەرەکە و گەرموگوڕیی چالاکییەکان بگەڕێننەوە بۆ سالانی سەرەتای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١.

٦-ئەگەرچی کادیری ئەکادیمیی بواری شانۆیی لەو شانۆگەرییانەی نمایشکراون لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن، بەڵام خۆشەویستیی خەڵکی قەزای سۆران بۆ هونەرەکە وایکردبوو، گەشە و فراوانبوونی زۆر بەخۆوە ببینێت.

٧-ناوەڕۆکی زۆرێک لەو شانۆگەرییانەی کە لە نێوان ١٩٩١-٢٠٠٣ لە سنووری سۆران کاریان تێدا کراوە، وێڕای بابەتی (کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی) لە بازنەی (شۆڕش، بەرخودان، ڕاپەڕین) خولاونەتەوە، لە هەمانکاتدا (منداڵ) وەکو ڕەگەزێکی گرنگ هەم وەکو ئەکتەر هەمیش وەکو ئامانج کاری لەسەر کراوە.

## پەراوێزەکان

١-ناحیەی برادۆست: سەرەتا بەناوی برادۆست و ئێستاش وەکو ناحیەی سیدەکان دەناسرێت لە ساڵی ١٨٧١ یەکەم بەڕێوەبەری ناحیەی بۆ دیاریکراوە، بۆ زانیاری لە بارەی ناحیەی برادۆست بڕوانە: (برادۆستی، ٢٠٢١، ١٤٥).

٢- ناحیەی دیانا: دەکەوێتە بناری چیای زۆزک لە ساڵی ١٩٢٥ (١٥٠) ماڵە کریستیانی لێ دەژیا، بەپێی چەند سەرچاوەیەک لە شەستەکانی سەدەی بیستەم بووەتە ناحیە. بۆ زانیاری بڕوانە: (دەرگەڵەیی، ٢٠١٥، ٤٢).

٣- ناحیەی خەلیفان: بەپێی مەرسومی کۆماری لە ساڵی ١٩٦٧ بۆتە ناحیەیەک سەر بە قەزای ڕواندز و (٥٤) گوندیش دیاریکراون وەکو سنووری کارگێڕیی ناحیەکە. بۆ زانیاری بڕوانە: (سرێشمەیی، ٢٠١٦، ٨٠).

٤-شەهید سەربەست، ناوی تەواوی (سەربەست ڕەفعەت)ە، یەکێک بوو لە ئەندامانی (تیپی شانۆی دیانا) لە ساڵی ١٩٨٥ لە بەردەم بارەگای ئەمنی حکومەتی عێراقی لە هەولێر، لەلایەن هێزەکانی حکومەت بە دەسڕێژی گوللە دەکوژرێت (مەحمود، ٢٠٢١، چاوپێکەوتن).

٥-شەهید شلێر، ناوی تەواوی (شلێر محەمەد مەحمود)ە خەڵکی (گوندی دەرەبند)ی سەربە قەزای چۆمانە، لە ساڵانی هەشتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە دیانا و ڕواندز، یەکێک بووە لە کارەکتەر و چالاکەکانی بواری ڕۆشنبیری و هونەری، ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- بەشی ڕواندز بووە، دوای ئەوەی عێراق توانی لە جەنگی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دوورگەی فاو کۆنترۆڵبکات، بەم بۆنەیە لە شەوی (١٩٨٥/٨/١٥) تەقەی خۆشی لە سۆران کرا و شلێر محەمەد کەوتە بەر گوللەیەکی وێڵی ئەو تەقەیە و کوژرا (مستەفا، ٢٠١٣، ١٠٥).

٦-بۆ زانیاری لەبارەی دۆخی ڕۆژنامەوانی لە دوای ڕاپەڕین تا کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بڕوانە: (مەولود، ١٩٩٩).

٧-یوسف حەسەن زێڕۆ، لە کارەکتەرە دیار و سەرپەرشتیارانی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە دیانا لەدایکبووە، هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس و شانۆکار، ماوەی زیاتر لە (٣٠) ساڵە لە بواری ڕاگەیاندن کاردەکات و ئێستاش پەیامنێرە لە نووسینگەی سۆرانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان.

٨-ئارام حەمە فەرەج، لە ساڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی لەدایکبووە، دیبلۆمی لە کارگێڕی لە کەرکووک لە ساڵی ١٩٨٩ بەدەستهێناوە لە ساڵی ١٩٨٢وە سەروکاری لەگەڵ شانۆدایە، لە (سلێمانی و سۆران) لەو بوارە کاری کردووە لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی چوارچرا ١٩٩٢ و تیپی شانۆی سۆران ١٩٩٩ و بەشی شانۆی گروپی سۆناتا ٢٠٠١ دەبێت، ئێستاش فەرمانبەرە لە بنکەی وەرزش و لاوانی سۆران.

٩-جەلال مەحمود، لە کارەکتەرە دیار و سەرپەرشتیارەکانی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە دیانا لەدایکبووە، ئێستاش بە پلەی عەقید کارمەندە لە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

١٠-جەلال سەعید، لە ساڵی ١٩٦٥ لە دیانا لەدایکبووە، لە کارەکتەرە دیار و سەرپەرشتیارانی (تیپی شانۆی شەهید سەربەست) بووە، نزیکەی (٣٠) ساڵە لە بواری ڕاگەیاندنی وەرزشی کاردەکات، ئێستاش ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و پەیامنێری وەرزشییە لە نوسینگەی سۆرانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان.

١١-بۆ زانیاری بڕوانە پاشکۆی چالاکییەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد لقی ڕواندز لە پەرتوکی: (مستەفا، ٢٠١٣، ٨٥-١٢٥).

١٢-فەیسەڵ سادق، لە ساڵی ١٩٧٤ لە شارۆچکەی سیدەکان لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠١٥ بڕوانامەی ماستەری یاسا لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە زانکۆی سۆران وەرگرتووە و ئێستاش قوتابی دکتۆرایە لە یاسای گشتی زانکۆی سۆران و مامۆستایە لە هەمان زانکۆ. لە بواری پیشەیش لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٥ لە ئەندامەوە بۆ بەرپرسی ڕێکخراو و ناوچە و لق و سەرکردایەتی، بەرپرسیاریەتی لەنێو ڕیزەکانی (ی. ق. ک) پێ سپێردراوە.

١٣-ڕەمەزان محەمەد ڕەشید، لە ساڵی ١٩٧٤ لە ناحیەی سمیلانی سەر بە قەزای چۆمان لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩١ ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبای تەواو کردووە، لە کۆنفرانسی سێیەمی ناوەندی ڕۆشنبیری سۆران بە سەرۆکی ناوەندەکە دیاریکرا، لە ساڵی ١٩٩١ بۆتە ئەندام لە تیپی شانۆی (شەهید سەربەست)، لە هەمان ساڵ تیپی شانۆی (ئاشتی) لە سۆران، سەربە ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) دادەمەزرێنێت، لە ساڵی (١٩٩٢) ئەندامی تیپی شانۆی (چوارچرا) بووە، ئێستاش بەرپرسی وێستگەی کارەبای هەندرێنە لە سۆران.

١٤-چەتۆ حەلاق، ناوی تەواوی (چەتۆ ئەحمەد کەریم)ە لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە، لە (دەستەی دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی ئاشتی)یە و ئێستاش (ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و چاودێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان)ە.

١٥-سەلام مرادی، ناوی تەواوی (عەبدوسەلام عەلی فەقێ مراد)ە لە ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی (گەلاڵە) لەدایکبووە، ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کورد لقی ڕواندز بووە، لە دامەزرێنەرانی (تیپی شانۆی سۆران و تیپی مۆسیقای گەلاڵەیە)، ئێستاش فەرمانبەری خانەنشینە.

١٦-حیدر خالید ئیبڕاهیم لە ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی دێڵزیان لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە بەرپرسی ناوەندی لاوانی سۆران، لە (١٢)هەمین کۆنفرانسیدا دەبێتە سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیریی سۆران و تا ئێستاش لەو پۆستەی بەردەوامە.

١٧-کەنعان عەبدوڵڵا زەینەل، ناسراو بە (کەنعان سرێشمەیی) لە ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی دیبلۆمی تەکنیکی لە بەشی کارگێڕیی یاسای پەیمانگای تەکنیکی سۆران بەدەستهێناوە و، لە (٢٠٠٥-٢٠٠٩) بەرپرسی ناوەندی خەلیفانی (ی. ل. د. ک) بووە، ئێستاش (بەرپرسی کتێبخانەی گشتی خەلیفان)ە.

١٨-حەسەن مستەفا جەعفەر، ناسراو بە (حەسەن هەندرێنی) لە ساڵی ١٩٦٩ لەدایکبووە، خاوەنی بڕوانامەی (دیبلۆمی تەندروستی و بەکالۆریۆسی ڕاگەیاندن)ە، لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی (بەرنامە، قەڵا) بووە و بەڕێوەبەری نووسینبووە لە (گۆڤاری کوێستان)، ئێستاش فەرمانبەرە لە بەشی تیشکی نەخۆشخانەی ڕاپەڕین لە شاری هەولێر.

١٩-نووری ئیبراهیم عەلی، ناسراو بە (نووری بێخاڵی) لە ساڵی ١٩٧١ لە ڕواندز لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبی، زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە، جگە لە کاری نووسین، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان

کاری کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٣ وەکو ئەکتەر لە تیپی شانۆی یەکی ئایار لە سۆران کاری کردووە، خاوەن ١٢ کتێبی چاپکراوە.

٢٠-کاوە حاجی جەوهەر، ناوی تەواوی (کاوە جەوهەر حەسەن)ە و لە ساڵی ١٩٧٥ لەدایکبووە و دەستەی دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی پاشای گەورە بووە و بۆ دوو خول ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕواندز بووە و ئێستاش فەرمانبەرە لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢١- زرار محەمەد مستەفا، ناسراو بە (مامۆستا زرار) لە ساڵی (١٩٣٧) لە ڕواندز لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە سەرۆکی (لقی ڕواندزی کۆمەڵەی هونەر و ویژەی کورد و تیپی موزیکی پاشای گەورە)ش لە هەمان ساڵ دادەمەزرێنێت، لە (٣٠) شانۆگەریدا وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە، خاوەنی پەرتوکی (هونەر لە ڕواندزێ)یە کە لە ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ئاستی کوردستان ناوێکی دیاری بواری هونەرییە.

٢٢-زیاد مەلا کەریمی، ناوی تەواوی (زیاد کەریم حەمەشەریف)ە لە ساڵی ١٩٧٦ لەدایکبووە، لە ساڵی ٢٠١٨ بڕوانامەی دیبلۆمی لە ژمێریای بەدەستهێناوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٥-١٩٩٩ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندزی (ی. ق. ک) بووە، ئێستاش فەرمانبەرە لە دادگای بەرایی ڕواندز.

٢٣-یوسف عومەر ڕواندزی، لە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕواندز لەدایکبووە، بڕوانامەی دیبلۆمی لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکووک بەدەستهێناوە، بەرپرسیاریەتی لە هەندێک گروپ و دەستەی هونەری هەبووە، بۆ چەند ساڵێک بەڕێوەبەری بنکەی وەرزش و لاوانی سۆران بووە، ئێستاش (بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری سۆران)ە.

## لیستی سەرچاوەکان

### تێزی ماستەری بڵاونەکراوە

- ئەحمەد، هۆگر جەمیل (٢٠١٠) دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سۆران و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لادێ. نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەددین.

### کتێب

- برادۆستی، دکتۆر زێدان رەشید خان ئاودەل (٢٠٢١) دەڤەری برادۆست، جوگرافیا، مێژوو، شوێنەوار، کەلەپوور. تەهران.
- دەرگەڵەیی، مەلا ئەحمەدی حەداد (٢٠١٥) ڕواندز... باڵەک... برادۆست، مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیاوەناودارەکان. ڕواندز: ڕێکخراوی هاوڕێیانی کتێب.
- مستەفا، زرار محەمەد (٢٠١٣) مێژووی هونەر لە ڕواندزێ. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- مەولود، محەمەد خدر (١٩٩٩) بزاڤی رۆژنامەگەری حکوومەتەکانی کوردستان لێکۆڵینەوە-بەدواداچوون. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری.

### یاداشت

- سرێشمەیی، ئازاد (٢٠١٦) ڕۆژە دژوارەکان لە هەگبەی بیرەوەرییەکانمدا، بەرگی یەکەم. هەولێر.

### دیمانە و چاوپێکەوتن

- ئارام حەمە فەرەج (هونەرمەند و شانۆكار) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

- جەلال سەعید (ئەندامی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان و پەیامنێری وەرزشی لە نوسینگەی سۆرانی دەزگای سەتەلایتی كوردستان) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٩ی ئاداری ٢٠٢١).

- جەلال مەحمود (عەقید لە دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢٩ی ئاداری ٢٠٢١).

- چەتۆ حەلاق (ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری و چاودێری حزبی سۆسیالیست دیموكراتی كوردستان) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٢ی تەمووزی ٢٠٢١)

- حەسەن هەندرێنی (كارمەند لە بەشی تیشكی نەخۆشخانەی ڕاپەڕین لە شاری هەولێر) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٩ی ئاداری ٢٠٢١).

- حەیدەر خالید ئیبراهیم (سەرۆكی سەنتەری ڕۆشنبیری سۆران) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

- ڕەمەزان محەمەد ڕەشید (بەرپرسی وێستگەی كارەبای هەندرێن لە سۆران) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٢ی تەمووزی ٢٠٢١).

- زرار محەمەد مستەفا (هونەرمەند، یەكەمین سەرۆك و دامەزرێنەری كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كورد- لقی ڕواندز) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٢ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

- زیاد مەلا كەریم (فەرمانبەر لە دادگای بەرایی ڕواندز) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٣ی تەمووزی ٢٠٢١).

- سەلام مرادی (هونەرمەند) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

- فەیسەڵ سادق (مامۆستای زانکۆ و بەرپرسی لیژنەی ناوچەی سۆرانی پ.د.ک) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٢٤ی ئایاری ٢٠٢١).

- کاوە حاجی جەوهەر (فەرمانبەر لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان) دیمانەی تایبەتی توێژەر (٦ی حوزەیرانی ٢٠٢١).

- کەنعان سرێشمەیی (بەرپرسی کتێبخانەی گشتی خەلیفان) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٠ی تەمووزی ٢٠٢١).

- نووری بێخاڵی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٨ی نیسانی ٢٠٢١).

- یوسف عومەر ڕواندزی (هونەرمەند و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری سۆران) دیمانەی تایبەتی توێژەر (١٩ی ئایاری ٢٠٢١).

**ڕۆژنامە**

- ڕۆژنامەی برایەتی، "تیپی شانۆی هێرۆ" (١٦٤٢، ١٢ی ئایاری ١٩٩٣).

- رۆژنامەی برایەتی، "سۆران... شانۆی (دادوەر) نمایشکرا" (٣٧٩٩، ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٢).

- رۆژنامەی برایەتی، "شانۆگەری وێرانە وڵات" (٣٣٥١، ٨ی نیسانی ٢٠٠١).

- رۆژنامەی کوردستانی نوێ ، "(ئازارەکانمان) یەکەم بەرهەمی تیپی نواندنی چوارچرایە بۆ تەلەفزیۆن" (٣٣٤، ٧ی ئاداری ١٩٩٣).
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، "سەرهەڵدانی تیپێکی شانۆیی لە سۆران" (١٢٥، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٩٢).
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، "هەگبەی دوالاپەڕە" (٣٠٧، ٣ی شوباتی ١٩٩٣).
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، "هەگبەی دوالاپەڕە" (٣٣١، ٣ی ئاداری ١٩٩٣).
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، "هەواڵەکانی قەزای سۆران" (٥٣، ٢٧ی ئاداری ١٩٩٢).
- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، "هەواڵەکانی ناوخۆ" (٦٧، ١٥ی نیسانی ١٩٩٢).
- زەینەل خەیری، "لە ئەرشیفی شانۆی سۆران" ٣٩، ٤٠، ٤١ هەفتەنامەی زاری کرمانجی (١٩ی ئادار، ٢٧ی ئادار، ٤ی نیسانی ٢٠٠٦).
- زەینەل خەیری، "لە ئەرشیفی شانۆی سۆران، شانۆگەری (دیکتاتۆر و ڕاپەرین) سۆران ١٩٩٢" ٤٣ هەفتەنامەی زاری کرمانجی (١٧ی نیسانی ٢٠٠٦).
- زەینەل خەیری، "لە ئەرشیفی شانۆی سۆران، شانۆگەری (کاروانی خەبات) ١٩٩٤ دیڵزیان" ٤٨ هەفتەنامەی زاری کرمانجی (٢٢ی ئایاری ٢٠٠٦).

- زەینەل خەیری، "لە ئەرشیفی شانۆی سۆران، شانۆگەری (نیشتمانی زوڵم لێکراو) ١٩٩٢ دیڵزیان" ٤٥ هەفتەنامەی زاری کرمانجی (١ی ئایاری ٢٠٠٦).

- محەمەد حاجی کەریم، "هەوڵێکی سەرکەوتوو لە شانۆی منداڵان دا لە سۆران" ٢٧٥٧ رۆژنامەی برایەتی (١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩).

- محەمەد حاجی کەریم،"چی شێتی کردین هەڵوێستێکی خەفەکراو.. جێگیربوونی قەدەر"٦٨، هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر (١٣ی ئاداری ١٩٩٨).

## گۆڤار

- گۆڤاری پێشکەوتن، "چالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان" (٧٩، ئاداری ١٩٩٩).

- گۆڤاری پێشکەوتن، "چالاکییەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان" (١٠٤، نیسانی ٢٠٠١).

- گۆڤاری زۆزک، "شانۆگەری (جوجەڵەی بێ دایک)" (٢، شوباتی ١٩٩٩).

- گۆڤاری قەڵا، "هەواڵی هونەری" (٧، ئەیلوولی ١٩٩١).

## بڵاوکراوە

- بڵاوکراوەی سۆران، "ئاگاداری" (١، شوباتی ١٩٩٩).

**به زمانی عەرەبی**

- جريدة الوقائع العراقية، (١٤٥١، ٢ی تشرين الثانی١٩٨١).


**ملخص**

في ٥ آذار (مارس) ١٩٩١ ، أطلق الشعب الكردي في الجزء الشمالي من العراق انتفاضة أدت إلى إعادة احتلال مختلف الأراضي من أيدي نظام حزب البعث العربي الأشتراکی. هذه الأراضي احتلها المتظاهرون والثوار. أدت هذه الثورة إلى إقامة حكومة كردية مستقلة.

بالإضافة إلى ذلك ، وقعت قضاء سوران كجزء من تلك الأراضي التي أعيد احتلالها تحت تأثير ذلك الجو الثوري. حيث بدأ العديد من النشطاء الاجتماعيين والفنانين في اغتنام الفرصة وبدأوا في تكوين مجموعات من أجل القيام بأنشطة فنية.

علاوة على ذلك ، قبل ثورة ١٩٩١ ، أثر المسرح على عدد كبير من الناس. وبدأ هؤلاء الأشخاص في تكوين فرق مسرحية مختلفة وفناني تمثيل من أجل المشاركة في هذا الفن.

على الرغم من أنه يقال عن وجود فرق مسرحية وفنية في قضاء سوران. لكن لم توجد وثائق وكتب توثق و تبين تلك الملاحضات والاعمال الفنية في تلك الفترة. لذلك ، حاول الباحثون التعرف على هذه المجموعات المسرحية وتحديدها بين الأعوام ١٩٩١-٢٠٠٣ في سوران وأيضًا إبراز خصائصها ومبادئها.

**Abstract**

On March 5 of 1991, Kurdish people in the North part of Iraq launched an uprising which resulted in reoccupying various lands from the hands of socialist groups and Baath Regime.

These lands were taken over by the demonstrators and revolutionists. This revolution resulted in the establishment of an autonomous Kurdish government.

Additionally, Soran province as a part of those reoccupied lands, fell under the influence of that revolutionary atmosphere. As various social activists and artists began seizing the opportunity and started making groups in order to make artistic activities.

Moreover, before the revolution of 1991, theatre influenced a large number of people. And these people started constructing different theatrical teams and acting performers in order to be engaged in that art.

Although, it is said that there were theatrical and artistic groups in soran province. Yet, non of their names or their participant's names had ever been mentioned in the documentations. Therefore, researchers have tried to recognize and pinpoint these theatrical groups between the years 1991_2003 in soran and also to highlight their characteristics and principles.